# ڕۆڵی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ نمونەیەك لەبژاردەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٠١٨/١/١ -٢٠١٩/١٢/٣١

ئاشنا عبدالله قادر [١] ، ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین[٢]
[١] کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] کۆلێجی هونەر، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ashnaabdulla@gmail.com

پوختە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆڵی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا) توێژینەوەیەکی مەیدانیەبۆ نمونەیەك لەبژاردەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٠١٨/١/١ -٢٠١٩/١٢/٣١، کە بۆ هەرێمی کوردستانی گرنگیی خۆی هەیە. گرنگییەکەشی لەو سۆنگەیەوەیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی دە ساڵی ڕابردوو لە هەلومەرجی سیاسیی هەرێمداو زیادبوونی لایەنەکانی ململانێ لەکایەی سیاسییداو هەروەها قەیران و ناجێگیرییەکانی ڕەوشی سیاسیی و ئابووریی هەرێم، تەلەڤزیۆنەکان و بەرنامە گفتوگۆییەکانی تەلەڤزیۆنەکان مەیدانێکی گرنگی پێگەیشتن و گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنەکان لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ جەماوەریشدا بوون و لەم ڕووەوە یەکێکە لە توێژینەوە نوێکان کە بەزمانی دایک ئامادەکرابێت و پەیوەست بێت بە بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی و سازاندنی بڕیاری سیاسییەوە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەپاش ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی بەسەریاندا هاتووە، بەشدارییەکی گرنگ و گەورە دەکەن لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەکانداو کاریگەریی بەرچاویان هەیە لەسەر پێکهێنان و دروستکردنی ڕای گشتی و بڕیاری سیاسیی. ئەگەر لەپێشتردا ململانێکان لەڕێگەی سەربازی و بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆوەبوویێ، ئەوا لەئێستادا ئەم ململانێیە زیاتر لە نێو ڕاگەیاندن و لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە یەکلایی دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیەئامانج لێی زانینی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفیۆنیەلەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا، بۆیە توێژەر لەچوارچێوەی توێژینەوەی وەسفی پشت بەستوو بەمیتۆدی ڕووپێو بەشێوازی ڕای گشتی هەنگاوەمیتۆدیەکانی پیادەکردوە،

هەروەها لەتیۆرینامەدا پشتی بەتیۆری پشت بەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەستوەلای جەماوەر کەیەکێکەلەتیۆرەدیارەکانی بواری ڕاگەیاندن کەتایبەتەبەدروستکردنی کاریگەری یان ڕۆڵ لەسەر جەماوەر وەك یەکێك لەڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن، هەر بۆیەتوێژەر کۆمەڵگای ڕای گشتی (دەستەبژێری) وەرگرتوە و سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ (٢٣٠) دەستەبژێر لەپارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە هەڵبژاردوە بۆ ڕاپرسی ڕا، کەبێگومان بۆ کردەنیکردنی ڕێکاری ڕای گشتی توێژەر فۆرمی شیکردنەوەی ڕاپرسی ڕای بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوە.

**دەستەواژە کلیلییەکان:** (ڕۆڵ – بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی – بڕیاری سیاسی).



| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٩/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٢٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ashnaabdulla@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | © ٢٠٢٠ م.ی.شەهێن محمد فرج، م.ی مەروان مەزهەر جافر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The research topic revolves around (the role of television dialogue programs in shaping political decision-making in the Kurdistan region for some time1/1/2018-21/12/2019

The importance of research comes with the remarkable changes in the past ten years, during the political conditions of the region and the increase in parties to the conflict in the political field, in addition to the crisis and the political and economic instability of the region. TV channels and TV talk shows have become important arenas for development, dialogue and sitting face to face. For destinations and currents, each other and with the masses. From this aspect, the research is considered as one of the new research papers prepared and written in the mother tongue and linked to television dialogue programs and political decision making.

The media, and the great developments in it, participate in a large and clear way in the social and political life of societies, and it has a prominent influence in the formation and making of public opinion and political decision.

If the conflicts in the past were resolved through a military solution and direct exposure, but today's struggles are being fought within the media and through various media, and the aim of the research is to know the role of television dialogue programs in making political decisions

Therefore, within the framework of the descriptive research based on the standard approach and by the method of public opinion, the researcher applied the methodological lines, and in the theoretical message also depends on the methodology based on the mass media of the masses, which is one of the well-known theories in the field of media, especially in the manufacture of influence or role on the masses as one of the elements Communication process.

The researcher took the public opinion community and the targeted non-randomness model for (230) (six bezir) in the governorates of Erbil, Sulaymaniyah, Dohuk and Halabja for opinion polls, and to activate the public opinion path, the researcher used the referendum analysis form to reach the goal of the research.


**Keys of terms**: (Role - TV dialogue programs - political decision)

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

*** ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا) توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ نمونەیەك لەبژاردەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٠١٨/١/١ -٢٠١٩/١٢/٣١)، هەوڵێکی زانستیەبۆ خستنەڕوی لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا لای دەستەبژێران لەهەرێمی کوردستاندا.

*** کێشەوپرسیاری توێژینەوەکە:**

بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی یەکێکەلەدیارترین هونەرە میدیاییە بینراوەکان کەهەوڵ بۆ ڕوماڵکردنی میدیایی قوڵ دەدات بۆ هەواڵێك یان زانیاریەك یان ڕوداوێك یان بابەتێك یان کێشەیەك یان ململانێیەك بەمەبەستی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن وتیشك خستنەسەر ڕاستی

ودروستی وواقعی خودی بابەتی دیاریکراو بۆ گفتوتۆ لەنێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، جا ئەو بوار وزانست وبابەتەیاسایی یان سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان کەسایەتی یان ڕۆشنبیری هتد بێت، هەر بۆیە توێژەر لەسەرنجدانی لەبەرنامە گفتوگۆ تەلەڤزیۆنیە کوردیەکاندا لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا، ئەو تێڕامانەی لادروست بوەکە: (ئایا بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی ڕۆڵ دەگێڕێت لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا؟)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارەشدا توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخاتەروو کەمەبەست لێی ڕونکردنەوە و وردکردنەوەی زیاتری پرسیارەسەرەکیەکەیە، وەك:

١. قەبارەوئاستی تەماشاکردنی دەستەبژێر چەندە بەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی؟

٢. ئاستی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپێداویستی تەماشاکەران چەندەبەپرسی سیاسی؟

٣. کامانەن ئەو پرسەسیاسیانەی کەسامپڵی توێژینەوەکەلەڕێی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە گرنگی بەتەماشاکردنی دەدەن؟

٤. ڕادەی هاندانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی چەندەلای دەستەبژێر بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی؟

٥. دیارترین جیاوازی نێوان هەڵوێستی تەماشاکەران چیەلەسەیرکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندن - داهاتی مانگانە).

*** گرنگی توێژینەوەکە:**

١. یەکێکەلەتوێژینەوەنوێکان کەبەزمانی دایك ئامادەکرابێت وپەیوەست بێت بەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی وسازاندنی سیاسی وتێیدا تیۆری پشت بەستن بەکارهێنراوە.

٢. پێگەی دەستەبژێر وبڕیاری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دەخاتەروو لەدوو توێی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا.

٣. دەستەبژێر بەشێوەیەکی زانستی لەسەر بنەمای داتا وزانیاری ورد ڕێوشوێنی سازاندنی بڕیاری سیاسی دەخەنەروو بەتەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی.

٤. ئەنجامی توێژینەکەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەرەهەندە جیاوازەکانی بڕیاری سیاسی هەیەلای دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستان، کەتێیدا بەشێوەیەکی ورد وبابەتیانە شیکردنەوە و ڕاڤەیان بۆ کراوە.

*** ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی لەلایەن دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستاندا.

٢. تیشك خستنەسەر متمانەی تەماشاکەران بەناوەڕۆکی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپرسەسیاسیەکان.

٣. خستنەڕوی ڕادەی بەشداری میوانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپرسی سیاسیەکان.

٤. وەدەست خستنی ئاستی پیشەیی ڕوماڵکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپرسی سیاسیەکان.

* تیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

توێژەر ئەم تیۆریە بەگونجاو دەزانێت بۆ زانینی ئاستی تەماشاکردنی دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستاندا بەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیداپراکتیزەبکات لەسەر بنەمای گریمانەی سەرەکی تیۆریەکە.

ئەم تیۆریەبەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لەسەرەتادا تیۆری پشت بەستن بریتی بووەلەنامەی توێژینەوەیەکی (ساندرا بال ڕوکیتش) (چەمکی زانیارییەکان) لەساڵی (١٩٤٧)دا، دواتر گۆڕدرا بۆ ڕێکخراو، کۆمەڵە، دامەزراوەوسەرچاوەی زانیارییەدەگمەنەکان، ساڵی (١٩٧٦) (ملفین دیفلەرو ساندرا بال ڕوکیتش) بنەمایەکی سەرەتاییان لەسەر ئەم تیۆریەپێشکەشکرد، ئەویش بەپێناسەکردنی کردەی پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە"بریتییەلەو پەیوەندییەی کەتوانای جەماوەر بۆ پێکاندنی ئامانجەکان دیاریدەکات، ئەمەش لەمەڕ ڕۆژشنایی ئەو زانیاریانەی کەئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەیگوازێتەوە .

ئەم تیۆرەبەتیۆرێکی گشتگیر ناوزەنددەکرێت، لەبەرئەوەی دیدگایەکی گشتی لەبارەی پەیوەندی نێوان تاك وکۆدەنگی وڕای گشتیدا

دروستدەکات، ئەمەش ئەو پەیوەندییە هۆکاریانەی سیستمی کۆمەڵگە جیاوازەکان تەتەڵەدەکات (یوسف، ۲۰۰۸)، بەو واتایەی تیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەدیارترین وکاریگەرترین تیۆر دادەنرێت کەزۆرترین خزمەتگوزاری ڕاگەیاندن فەراهەم دەکات بۆ جەماوەر گەر ڕێکاری پشت بەستن پیادەبکرێت.

تیۆری پشت بەستن لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بنیادنراوە:

یەکەم/ ئامانج: تاکەکان هەوڵ بۆ بەجێهێنانی ئامانجی کەسی یان کۆمەڵایەتیان دەدەن لەڕێی بەدەستخستنی زانیاری کەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆیان فەراهەم دەکەن.

دووەم/ سەرچاوە: دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت بەسەرچاوەی جۆراوجۆر دەبەستن لەکۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و ئاراستەکردنی بۆ وەرگر(مکاوی والسید، ۲۰۰۱، ص۳۱۵).

وەرگر پشت بەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەسەرەکیانە.

یەکەم/ تێگەیشتن: دروستبونی مەعریفەلای وەرگر بەزانیاری و هەواڵ ورِوداو وبابەتی ناوخۆیی وهەرێمی و نێودەوڵەتی کەلەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەخش وبڵاودەکرێنەوە.

دوەم/ ئاراستەکردن: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەرگر ئاراستەدەکەن بۆ وەرگرتنی بڕیار دەربارەی هەڵوێست وبۆچونی نوێیان وچۆنێتی هەڵسوکوتکردن لەگەڵیدا.

سێیەم/ کات بەسەربردن: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەنێو بەشێك لەپەیامەکانیاندا هەوڵ بۆ نەهێشتنی ماندویی وبێزاری ودڵەڕاوکێی ودورکەوتنەوە لەکێشەکانی ڕۆژانەی ژیان دەدەن بۆ وەرگر (مکاوی والسید، ۲۰۰۱، ص ۳۲۰).

**یەکەم: کاریگەری مەعریفی:**

١. ئاشکراکردنی نادیارەکان: لەئەنجامی کەموکوڕی زانیاری لەبارەی ڕووداوێکی دیاریکراو دێتەئاراوە، لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان لەپێشکەشکردنی ڕاڤەی ڕووداوەکان ڕوون وئاشکرا دەکەن وزانیاری زیاتر بەجەماوەر دەگەیەنن.

٢. دروستکردنی بۆچون: دروستکردنی ئاراستە لەکاریگەرییەمەعریفەکانی ئەو تاکانەوەسەرهەڵدەدات کەپشت بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن بۆ پێکهێنانی ئاراستەکانیان بەرەو پرسی جۆراوجۆر کەشایەنی گفتوگۆ ولێکۆڵینەوەن لەکۆمەڵگەدا.

٣. ڕێکخستنی سەرەتاییەکان: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەندێك لەو بابەتانەدیاریکراوانەزەق دەکەنەوە، هەندێکی تریش دادەپۆشن.

٤. بەرفراوانکردنی گرنگییەکان: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جەماوەر فێری هەندێك ڕەهەندی مەعریفی دەکات کەپێشتر هیچیان لەو بارەیەوە نەزانیوە، وەك ئازادی ڕادەبڕین.

**دووەم: کاریگەرییەویژدانییەکان**

١. کەمبوونەوەی سۆزداری: کەمبوونەوەی هەستی سۆزداری لای تاکەکان بەهۆی زۆر پشت بەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن وادەکات زۆر ئارەزوی هاوکاری نەبن بۆ ئەوانی تر، ئەویش بەبینینی تووند وتیژی ورق وتۆڵەوتۆقاندن وجەنگ کەلەکاتی پشت بەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کەوادەکات سۆزداری لای هاولاتیان کەمبکاتەوە.

٢. ترس و دڵەڕاوکێ: دروستبونی ترس و دڵەڕاوکێ لەوەی کەڕۆژێك لەڕۆژان ببێت بەبەشێك لەو ڕوداوانە، یاخود ببێت بەقوربانی ئەو ڕوداوانە.

٣. هاوکاری مەعنەوی: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبری ئەوەی ورەی ئەو تاکانە بەرز بکاتەوەك هەهەست بەغوربەت دەکەن، بەمەبەستی تێکەڵکردنیان بەکۆمەڵگا بۆ جارێکی دی، کەچی بەپێچەوانەوە لەلایەنی نەرێنییەوەکار دەکەنەسەر تاکەکان وبەرەو غوربەتی زیاتر دەیان بات.

**سێیەم: ئاسەوارە ڕەوشتییەکان: (چالاککردن – گۆشەگیری).**

* جۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفیەکانە، ئامانج لێی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕای گشتی دەستەبژێرە لەهەرێمی کوردستاندا سەبارەت

بەسازاندنی بڕیاری سیاسی لەچۆنێتی تەماشاکردنیان بۆ بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی.

* میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەمیتۆدی ڕوپێوی بەستوە بەشێوازی ڕای گشتی بۆ زانینی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی لەسازاندنی بڕیاری سیاسیدا.

* کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستان نمایشی کۆمەڵگەی توێژینەوەب ۆ شێوازی ڕای گشتی دەکات.

* سامپڵی توێژینەوە:

توێژەر سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ دەستەبژێر لەهەرێمی کوردستاندا بەکارهێناوە کەژمارەیان (٢٣٠) کەسەو بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی: (ڕەگەز - تەمەن - ئاستی خوێندن - داهاتی مانگانە) وەری گرتون.

* ئامرازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی ڕا بەکارهێنراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بەڕێکاری شیکردنەوەی وەسفی چەندێتی کەنمایشی سامپڵی توێژینەوەکەدەکەن.

* گۆڕاو وپێوانەی توێژینەوەکە:

گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە بریتیەلە (تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی) وگۆڕاوی پەیوەستیش بریتیەلە (سازاندنی بڕیاری سیاسی)، توێژەر پێوانەی بەراوردکاری تەرتیبی پێنجی بەکارهێناوە بۆ ڕەوشتی دەستەبژێر لەتەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی وسازاندنی بڕیاری سیاسیاندا.

* ئامرازەئاماریەبەکارهاتوەکان لەتوێژینەوەکەدا:

دوای کۆتایی هێنان بەڕێکاری کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، پشت بەست بەپسۆڕی میدیا وشارەزا لەبواری پرۆگرامی (SPSS) دیزاینی هەردوو فۆرمی شیکاری وراپرسی ڕا کراوەبەپێی دەستەوپرسیارەکان، دواتر داتاکان داغڵکراون بەشێوەی ئەلیکترۆنی، پشت بەست بەئاماری وەصفی بەشێوازی (Non Parametric) شیکردنەوەبۆ تێکرای داتاکان کراوە، بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری و بیرکاری جۆراوجۆر:

١. دوبارە و ڕێژەی سەدی.

٢. ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوەری.

٣. پلەی ئازادی وئاستی باوەڕی.

٤. ئامرازی پەیوەندی سپێرمان(Spearman Correlation Coefficient).

٥. تێستی مان ویتنی (Mann – Whitney - Test) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان دوو گروپی سەربەخۆ لەسامپڵی توێژینەوە.

٦. تێستی کروسکاڵ والیس (Kruskal Wallis) بۆ جیاوازی داتای ڕوتبی نێوان زیاتر لەدوو گروپ لەسامپڵی توێژینەوە.

* سنوری توێژینەوەکە:

١. سنوری بابەت: بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی و سازاندنی بڕیاری سیاسی.

٢. سنوری کات: ساڵانی (١-١-٢٠١٨ بۆ ٣١-١٢-٢٠١٩)ی زاینی.

٣. سنوری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق.

* توێژینەوەکانی پێشوو:

١. توحيدة سليمان على ٢٠١٩، (تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمهێنانی بەرنامەی گفتوگۆ)، (على، ٢٠١٩).

٢. حيدر فالح زايد ٢٠١٨، (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵەئاسمانیەعێراقیەکان وکاریگەریان لەگەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان)، (زايد، ٢٠١٨).

٣. حسێنی ولید ٢٠١٨، (بەرنامەی گفتوگۆ لەکەناڵە ئاسمانیە جەزائیریەکاندا)، (ولید، ٢٠١٨).

٤. هایدی إبراهیم محمد ٢٠١٧، (بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پێشکەشکاری بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانیە مصریەکان)، (محمد، ٢٠١٧).

٥. ودیع محمد سعید ٢٠١٦، (پشت بەستنی خوێندکارانی زانکۆی (أم القری) بەکەناڵەئاسمانیە هەواڵیە عەرەبیەکان لەبەدواداچونی ڕوداو وبابەتەسیاسیەکان)، (سعید، ٢٠١٦).

٦. رامی امون ورنیم احمد ٢٠١٦، (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆ و هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە سوریەکان لەپەروەردەکردنی هاونیشتمانیبون لەچوارچێوەی جەنگ دژی سوریا)، (امون واحمد، ٢٠١٦).

٧. دحام علی حسین ٢٠١٥، (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەدروستکردنی هۆشیاری سیاسی لای خوێندکارانی زانکۆی دیالە)، (حسین، ٢٠١٥).

٨. عیسی الشماس ولینا یوسف ٢٠١٥، (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی ئاسمانیەکان لەپاڵپشتی بەشداری لەئامرازە کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی زانکۆی دیمەشق)، (الشماس ویوسف، ٢٠١٥).

٩. زینب الحسینی رجب ٢٠١٤، (ئامرازەکانی باوەڕپێهێنان لەبەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانیە مصریەکان لەڕوماڵکردنی ڕوداوەکانی قۆناغی ڕاگوزەر)، (رجب، ٢٠١٤).

١٠. علی عبدالعاطی محمود ٢٠١٢، (بەهای کۆمەڵایەتی لەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی ئەردەنی لەدید وبۆچونی خوێندکارانی زانکۆکانی ئەردەن)، (محمود، ٢٠١٢).

*** دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

١. ڕۆڵ: ئەو ڕۆڵەیەکەتوێژەر هەوڵ بۆخستنەڕوی دەدات لەئەنجامی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی لەلایەن دەستەبژێری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەسازاندنی بڕیاری سیاسی.

٢. بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی: ئەو بەرنامە گفتوگۆییە تەلەفزیۆنیانەیە کەلەلایەن تەلەفزیۆنە کوردیەکانەوە پەخش دەکرێن بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی هەفتانە.

٣. بڕیاری سیاسی: پرۆسەیەکی دیاریکراوەکەتیایدا ڕێگەچارەیەکی گونجاو هەڵدەبژێردرێت بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی سیاسی.

٤. دەستەبژێر: بریتیەلەو تاک وگروپەدیاریکراوانەی کەخاوەن توانای دارایی وسیاسی وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری بەرزن.

## باسی یەکەم: دەروازەیەک لەسەر تەلەفیزیۆن و بەرنامەی گفتوگۆ

١. دەروازەیەک لەسەر تەلەڤزیۆن

تەلەفیزیۆن ئامرازێکی بەهێزە کە بوونی بەهێزی خۆی وەکو یەکێک لە هۆکارەکانی کۆنترۆڵی ئەندێشە و بیر و باوەڕ سەپاندووە و لە پاڵ میدیاکانی تر وەک ڕۆژنامەکان و سینەما بە خێراییەکی زۆر پەرەی سەندووە. کارایی تەلەفیزیۆن وەکو ئامرازێک کە دەتوانێت هێز و دەسەڵات کونترۆڵ بکات ناشاردرێتەوە. واتە دەتوانێت بە سەر بیرکردنەوەی خەڵکدا زاڵ بێت و هەروەها بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران بخاتە ژێر کاریگەری خۆی. تایبەتمەندی سەرنج ڕاکێشی تەلەفیزیۆن لەوەدایە کە دەستەو گروپە جیاجیاکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، کولتووری و هونەری، کەڵکی لێ وەردەگرن و هەر وڵاتێک بە پێی تواناکانی خۆی بە جۆرێکی تایبەت بە کاری دێنێت. ئەگەر ڕۆژگارێک (لینین) پێی وابوو کە لە ڕێگای دەست گرتن بە سەر سینەما دەتوانێت جیهان بکاتە کۆمۆنیست، ئەم باوەڕە تارادەیەک کاڵ بۆتەوە و تەلەفیزیۆن توانیویەتی جێگای بگرێتەوە. ڕەنگە تەلەفیزیۆن تەنانەت مەترسییەک بێت بۆ سەر دنیای ئەمڕۆ، لەوانەشە نەبێت، بەڵام ئەو شتەی ئاشکرایە ئەوەیە کە زۆرێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا خوویان داوەتە تەلەفیزیۆن و ئەم میدیایە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە ژیانیاندا هەیە. (سلیمانیان، ١٣٩٤، ل١٠) تەلەفیزیۆن بە کاریگەرترین هۆکارەکانی پێشکەوتنی ڕاگەیاندن ئەژمار دەکرێت، چونکە لە یەک کاتدا ڕاستەوخۆ دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جووڵاو

بڵاو دەکاتەوە. سەرهەڵدانی ئەو ئامێرە سوودبەخشە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لەگەڵ گەشەکردنی زانست و پێشکەوتنەکانی ژیاندا رۆژ لە دوای رۆژ گەشەی کردووە و گرنگی پێ دراوە و سوودێکی یەکجار مەزنی بۆ هەموو دنیا هەیە. ئەمەش بوو بە کارێکی حەتمی و پێویستییەکی ژیان لە هەموو ماڵێکی جیهاندا. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٥، ل٢١)

تەلەفیزیۆن دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەیە؛ یەکەم توانای بڵاوکردنەوەی وێنەی راستەوخۆ و دیکۆمێنتاری هەیە، کە ئەم میدیایە لە سینەما و رادیۆ جیا دەکاتەوە. دووەم، توانای تایبەتی تەلەفیزیۆن وەکو میدیایەکی پەیوەندی گشتییە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بینەر. تەلەفیزیۆن دەچێتە ژیانی تایبەتی بینەر و لە هەمانکاتدا کە ئاماژە بە کەسێکی تایبەت دەکات، لەراستیدا رووی قسەی لە هەمووانە. تەلەفیزیۆن (وەکوو میدیا)، لەگەڵ گشتگربوونیدا بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەمان. لە شەو و رۆژێکدا کەم کەس هەن کە کەم هەتا زۆر کاتیان بۆ سەیر کردنی تەلەفیزیۆن تەرخان نەکردبێت. ئەمە کاتێک هەستیارتر دەبێت کە دەزانین تەلەفیزیۆن بە هیچ شێوەیەک بێلایان نیە. سیلڤەرستۆن دەڵێت: لە راستیدا تەلەفیزیۆن تەکنۆلۆژیایە. سەیر کردنی تەلەفیزیۆن تەنها وەکوو سەیر کردنی دنیا لە پەنجێرەیەکەوە نیە، وەکوو بڵێی شووشەی شاشەکە روانینێکی بێلایانانە بۆ دنیا دەخاتە روو کە بە سیاسەتەوە تێوەنەگلاوە. (Silverstone ,2003,P86)

٢. چەمکی بەرنامەی تەلەفیزیۆنی

بە دڵنیاییەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی کراوە و ئێمە ناتوانین لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بکەین، بۆیە تەنها بە ئاماژەکردن بە چەند پێناسەیەك بەسەندە دەکەین، کە دەتوانین بڵێین کۆی پێناسەکانی دیکەش هەر بە دەوری ئەم پێناسانەدا دەسوڕێنەوە. پرۆگرامی تەفیزیۆنی یەکێکە لەگرنگترین ئەو پەیوەندیانەی کە لە تەلەفیزیۆنەوە بەناوەرۆکی جیاوازەوە پێشکەشدەکرێت کە بریتین لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ و دیدار و دیالۆگ و کۆبونەوە و پێشبرکێی زانستی و بەرنامەی تایبەتی (ژنان و منالان و جوتیاران و میوزیک و گۆرانی و سەما و هونەری شەعبی و ئەدەب و کتێب و بەرنامەی ئاینی... هتد) و دەتوانن کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لە سەر بینەر هەبێت یان هوشیاریان بکاتەوە. (زاید، ٢٠١٨،ص٣٤٤)

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی پێویستی بە پێشکەشکارێک یان بێژەرێک هەیە کە خاوەنی کەسایەتیەک بێت توانای کۆنترۆڵی بەرنامەی هەبێت و لێهاتوو بێت لە گفتوگۆ و دیدارەکاندا و بەشێوەیەکی سەرنج راکێش دەربکەوێت و دوربێک لە نواندن بۆئەوەی بتوانێت پەیامەکانی بگات بەزۆرترین بینەر، یان بتوانێت سەرنجی بینەران رابکێشێت بەلای خۆیدا، بەجۆرێک جیاوازتر لە بەرنامەکانی تر. (راغب، ١٩٩٩، ص٤٩٦) یان، بەرنامەی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بابەتێکی تەلەفزیۆنی جۆراوجۆرن لە بەرنامەی هەواڵی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئاینی، سەرگەرمی، پەروەردەیی و سەرباڵێ ئەو بەرنامانەیە کە لە تەلەفزیۆندا نیشان دەدرێن. (سامیة، ٢٠١٦، ص٥٤)

لە پێناسەیەکی دیکەدا بەم شێوەیە پێناسەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان کراوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك بەرنامە کە بە سوودوەرگرتن لە قاڵبە تەلەفزیۆنییەکان پەیامێك، یان کۆمەڵە پەیامێك "بە ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوەوە" دەخرێتە بەردەست بینەرانەوە. (مفاخر، ١٣٨٤، ص٥٤)

لێرەوە دەتوانین بڵێین کەبەرنامەی تەلەڤزیۆنی بریتییە لەکۆمەڵە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کە پێکدێت لە سێ جۆری سەرەکی.

یەکەم: بەپێی هونەری میدیایی وەک، (هەواڵی، گفتوگۆ، دیدارو چاوپێکەوتن و دۆکۆمێنتەری و بنکۆڵکاری و هتد).

دوهەم: بەپێی ناوەرۆک (کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، هتد)، سێهەم، بەپێی وەرگر، (ژنان-منداڵان-گەنجان)، کە مەبەست لێیان گەیاندنی پەیامێک یان چەند پەیامێکە، لەچوارچێوەی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراودا دەخرێتە بەردیدی بینەر.

٣. چەمکی بەرنامەی گفتوگۆ

گفتوگۆ جۆرێکە لە دەربڕینی بیر و بۆچون، کە دوو کەس یان زیاتر بابەتیانە گفتوگۆدەکەن و بۆ چونەکانیان دەگۆرنەوە بە ئامانجی لێک تێگەیشتن یان جیاوازی را لە نێوان بەشداربوەکان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، لەگەڵ ئەوانەشدا لەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی دەکرێت کۆتاییەکەی بە خستنەرووی چارەسەر و دەرئەنجام بێت یان بەجێهێشتنی بابەتەکەبێت بۆ جەماوەر بەکراوەیی.

بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی تێکستێکی نوسراوی نیە چونکە پێشکەشکار یان بێژەر ئازادە لە لابردن و سرینەوەو و زیادکردنی هەرتەوەرێک لەکاتی گفتوگۆکەدا، بەڵام چوارچێوەیەکی گشتی هەیە کە پێشکەشکارەکە پێیەوە پابەندە. (یوسف، ٢٠٠٨، ص٧٣)

لەگەڵ دامەزرانی تەلەفیزیۆن و ئاڵوگۆڕەکانی، چەندین جۆرێ پرۆگرام درووست بوون و پەرەیان سەندووە. لە نێوان ئەم جۆرە پرۆگرامانەدا، جۆرێکی سەرنجراکێشی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی کە بە درێژایی زەمەن لە ئەزموونەکان سەرکەوتووە بووە و پێشوازی لێ کراوە، پرۆگرامی گفتوگۆیە، کە لە بوار و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا بۆ دارشتن و بەڕێوەچوون گونجاو بوون. ئەم جۆرە پرۆگرامانە لە رووی بەربڵاوی و دەرفەتێک کە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و هەروەها جێبەجێ کردنی پێداویستییە رۆژانەکانی بینەر لە بوارە جیاجیاکاندا دەیرەخسێنن. لە ئەمرۆدا پرۆگرامە گفتوگۆییەکان بەشێکی گرنگیان لە پرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکان بۆ خۆ تەرخان کردووە. پاراستنی سەرنجراکیشی ئەم پرۆگرامانە، لە دارشتنی گشتی و هەروەها لە ساز کردن پێویستیان بە داهێنان و تازەگەری و هەوڵی بەردەوامی بەرهەمهێنەرەکانە. (سلیمانیان، ١٣٩٤، ل٢١)

٤. پێناسەی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفیزیۆنی

قورسە پێناسەیەکی گشتگیر بدۆزینەوە کە کۆدەنگی شارەزایانی لەسەر بێت، بەپێچەوانەوە پێناسەی جۆراوجۆر دەبینین کە بۆ بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی کراوە کە لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی بریتییە لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوە لە رێگای تەلەفیزیۆن کە دەکرێت بە یەک جار پێشکەش بکرێت و تەواوبێت، یان بە شێوەی کۆمەڵە بەرنامەیەک بێت کە لە کاتی دیاریکراودا لە تەلەفیزیۆن بڵاو دەکرێتەوە. (P٧٤,٢٠٠٥, MartinLeister &Others)

هەروەها پێناسەکراوە بەو گفتوگۆیەی کە ڕوودەدات لەنێوان پێشکەشکارو میوانێك یان زیاتر لە چوارچێوەی بابەتێکی دیاریکراودا. (صورية، خيرة، ٢٠١٨، ص٧٤)

لەلایەکیدی وەسف دەکرێت بەو بەرنامەیەی کە سەرنجی لەسەر ماددەی زارەکیی وەك (گفتوگۆ، دیالۆگ، موناقەشە) و جۆراوجۆری بابەتەکان و دژیەکی لە نێوان بابەتە سیاسی، ئابووری، کولتووری یان مرۆڤدۆستانەکانە. (سامية، ٢٠١٦، ص٣٣)

کەواتە دەتوانین بڵێین: بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی بریتییە لە گفتوگۆی نێوان پێشکەشکارێك و میوانێك یان زیاتر، بە مەبەستی گفتوگۆکردن و دیالۆگ لەمەڕ بابەتێك یان چەند بابەتێکی دیاریکراو.

٥. پۆلێنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

بەرنامەی تەلەفیزیۆنی، پۆلێن دەکرێت بەچەند پێوەرێکی جیاواز کە بریتین لەمانە: (كبارة، ٢٠٠٣، ص٢٣٥)

لە رووی ئەرک و ئامانج: گەیاندن، کات بەسەربردن، فێرکردن، ریکلام... هتد

لە رووی ناوەڕۆک: ئاینی، سیاسیی، ئابووری، رۆشنبیری، وەرزشی، هونەری، زانستی... هتد

لە رووی جەماوەر: جەماوەری گشتی، منداڵ، گەنج، ژنان، هەڵبژاردەیەکی تایبەتی کۆمەڵگە... هتد

وەرزە پێشکەشکردن: رۆژانە، هەفتانە، مانگانە... هتد.

کاتی پێشکەشە کردن: بەرنامەی بەیانیان، بەرنامەی نیوەڕوان، بەرنامەی شەوان... هتد.

لەرووی قالبە هونەریەکانەوە: گفتوگۆ، بەدواداچون، گۆڤار، لێکۆڵینەوە... هتد.

٦. جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفیزیۆنی

بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی چەندین پۆلێنی جیاواز لە ئارادان، بۆیە ئێمە لێرەدا چەند پێوەرێکی دیاریکردنی جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بە نموونە وەردەگرین و پۆلێنی تایبەت بەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو.

بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەردەوام لە گۆرانکاری و گەشەکردندایە لە رووی ناوەڕۆک و جۆرەکانی پێشکەشکردنی هونەری و ئامانجی بەرنامە و جەماوەری ئامانج دار. هەریەکە لەو پۆلێنکاریانەش تایبەتمەندی خۆی وەرگرتوە. سەرەڕایی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، دەکرێت پۆلێنکاری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆنی بکەین، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لە جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفیزیۆنی دەکەین:

. بەرنامەی سیاسی

. بەرنامەی گفتوگۆ

بەرنامەی هەواڵ

. بەرنامەی کۆمێدی

. بەرنامەی هونەری

. بەرنامەی ڕۆشنبیری هەمەڕەنگ

. بەرنامەی فێرکردن

بەرنامەی زانستی

٧. بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفیزیۆنی

بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی کارێکی داهێنەرانە و هونەرییە، بەڵام تایبەتمەندییە هونەرییەکانی تەلەفیزیۆن لە رووی کوالیتی و شێوازی دارشتن و پێشکەشکردنی وێنە، و جۆری پەیوەندی لەگەڵ بینەر و بارودۆخی سەیرکردنی بە باشی شینەکراوەتەوە و نەناسراوە. لە لایەکیشەوە چوونکە بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی پەیوەستە بە هۆکاری تەکنیکی و پیشەسازی و وەکو پیشەسازییەک تاوتوێ کراوە، پێویستی بە بەکارهێنانی درووستی ئامراز و کەرەستەیە، کە ئەوانەش زانستی تایبەت بە خۆیان دەوێ. مارتین لیستەر لە زمانی ڕەیمۆند ویلیامزەوە دەڵێت: "هیچ شتێک لە سروشتی تەکنۆلۆژیای میدیایەکدا نیە کە کۆمەڵگا ناچار بکات بە جۆرێکی تایبەت بە کاری بێنن. لەگەڵ گۆڕانکاری میدیاکاندا جۆری پرۆگرامەکان و شێوازی ساز کردنی پرۆگرامەکان دەگۆڕێت. لیستەر بۆ خۆی پێی وایە کە لە نوێبوونەوەی میدیاکاندا بەرتەسکییەکان، کەم و کورتییەکان و کێشە کۆنەکان چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە. (MartinLeister, ٢٠٠٩,P٧٤)

بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی چەندە پێویستی بە زانستی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە هەیە، ئەوەندەش پێویستی بە داهێنانی هونەری هەیە. بۆ سازکردنی پرۆگرامێکی تەلەفیزیۆنی، ئەو دووانە دەبێ لە پاڵ یەکتر دابنرێن و کاریگەری لەسەر بینەر دابنێن. لە رووی تەکنیکییەوە، کارایی و کوالیتی و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکانی تەلەفیزیۆن بە درێژایی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری زۆریان بە خۆوە بینیوە. بەم جۆرە کە سەرەتا بە پرۆگرامێکی سادەی ستۆدیۆیی ناوچەییەوە دەستی پێ کردووە و ئەمڕۆ بڵاوکردنەوەی جیهانی و سات بە ساتی رووداوەکان بۆ زیاتر لە پێنج ملیارد کەس لە ئارادایە. بە باوەڕی دەیڤید مۆرلی، بەرهەمهێنەری پرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکان جگە لە ڕەوت و کێشە و ئاستەنگەکانی ساز کردنی پرۆگرام دەبێ بیر لە ئامانجی بینەر و چۆنیەتی بەکارهێنان و وەرگرتنی پرۆگرامەکە لە لایەن بینەر لە کۆمەڵگا و کولتوورە جیاجیاکان بکاتەوە. سەیر کردنی تەلەفیزیۆن، ئەو بژاردەیانە کە فۆرمی پێدەبەخشن و کاراییەکانی لە کۆمەڵگا بەردەوام گۆڕانکاری زیاتر بە خۆوە دەبینێ. خەڵک چیتر بە شێوەیەکی سڕ و بێ پەرچەکردار پەیامەکان لە شاشەی تەلەفیزیۆنەوە وەرناگرن. ئەوان ئێستا پاش تێڕامان و گفتوگۆی خەیاڵی لەگەڵ پرۆگرامەکان مانا و پەیامیان لێ وەردەگرن و هەروەها مانا و پەیامەکان کە وەریدەگرن پەیوەندی بە شوێن و کاتی بینینی پرۆگرامەکانیشەوە هەیە. (David Morley, ٢٠٠٥, Pvi-٦)

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی لە دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە. یەکێکیان قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفزیۆنییە و ئەوی دیکەشیان بریتییە لە ستافی بەرهەمێنانی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

**یەکەم/ قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی**

بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت: (غباشي، ٢٠٠٨، ص٣٥-٣٦)

- دیاریکردنی بیرۆکەی سەرەتایی ناوی بەرنامە.

- گەڕانی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری.

- ئامادەکردنی دەق.
- تاوتوێ و هەڵسەنگاندن.
- دارشتن و بەرنامەدانانی سەرەتایی.
- دەقی کۆتایی.
- دانیشتنەکان بۆ هەماهەنگی و دارشتنی تەکنیکی بەرهەمێنان.
- ئامادەکردنی دەق بۆ ڕاهێنان.
- ڕاهێنان لە شوێنی دابینکراو بۆ پرۆگرام.

دووەم/ لایەنی مرۆیی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی

لەسازکردنی پرۆگرامێکی تەلەفیزیۆنیدا کەسانێک بەپیشەو شارەزاییی جۆراوجۆرەوە بەشداریی دەکەن. بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

- دەرهێنەر: بەڕێوەبەرو بەرپرسی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنییەو لەهەموو قۆناغەکاندا دەتوانێ دەستتێوەردان بکات. هەروەها دەرهێنەر چاودێری بەرنامەکان دەکات لە مۆنیتەرەکانەوەو ئەو دیمەنانە هەڵدەبژێرێ کە بۆبینەر دەردەکەون، و چاودێری کات دەکات و گوێ لە دەنگ دەگرێ و ڕێنمایی دەدات بە لایەنە هونەرییەکانیتر.
- توێژەر: توێژینەوەی پێویست و پەیوەندیدار لەگەڵ بابەتەکان بەئەنجام دەگەیەنێت.
- پێشکەشکار: ئەوکەسەیە کە بەرنامەکە پێشکەش دەکات و گفتوگۆ ئەنجام دەدات، پێویستە ڕواڵەتێکی مەقبولی هەبێ و خاوەن لانیکەمی ڕۆشنبیرییبێت و توانای گفتوگۆو بەردەوامیپێدانی هەبێت.
- ئامادەکار: ئەوکەسەیە کە هەڵدەسێت بە نوسینی ناوەڕۆک و دەقی بەرنامە، پێویستە کارامەیی هەبێت لەنوسینداو بتوانێ بیرۆکەکانی بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ تەلەفزیۆندا، گەڵاڵە بکات.
- کامێرامان: ئەوکەسەیە کە کامێرا بەڕێوەدەبات و دەیجولێنێ، و ڕێکیدەخات بەپێێ داخوازییەکانی وێنەگرتن، کە ئەمیش ڕاهێنانی پیشەیی بینیوەو توانای بەکارهێنانی کامێرای بەباشی هەیە.
- ڕێکخەری ستۆدیۆ: کاری ڕێکخستنی ستۆدیۆو چاودێری کامێراو دەنگ دەکات.
- دەنگهەڵگر: ئەو کەس یان ستافەیە کەبەرپرسە لە تۆمارکردن و کۆنترۆڵکردنی دەنگ و مامەڵە دەکات لەگەڵ هەرچی ئەوەی کەپەیوەندیی بەدەنگەوە هەیە.
- مۆنتاج: ئەوکەسەیە کە گرتەکان و دیمەنە تۆمارکراوەکان ڕێکدەخات بەپێێ زنجیرەو بەدوایەکداهاتنێکی خوازراو و بابەتی، کەئەمەش دەکرێ مانایەکی زیاتر بخولقێنێ و کاریگەری زیاتر دابنێ وەک لەوەی کە خودی دیمەنەکان دەیگەیەنن. (أميرة وآخرون، ٢٠١٥، ص ٢٠٨)
- دیزاینەری ستێج و جلوبەرگ: دیزاینەری ستێج کاری دیزاینی پرۆگرامەکان و هەڵبژاردنی جلوبەرگی ئەوکەسانە دەکات کەلەتەلەفزیۆن دەردەکەون، دیزاینەری جلوبەرگ بەرپرسە لەکەسێتیی دەرەکی و ئەوە کە دیزاینی گونجاوی جلوبەرگ دیاریدەکات و دەزانێ کە چ مکیاج و ئیکسسوارانێکی لەگەڵ دەگونجێ. (دنقلا، ٢٠١٨، ص٤٧)

## باسی دووەم: بەرنامەی گفتوگۆ

١. ئامانجەکانی بەرنامەی گفتوگۆ

ئەرکەکانی بەرنامەی گفتوگۆ جۆراوجۆرن و بەپێی بابەت و کات و بینەر دەگۆڕدرێن. هەندێکجار ئامانجێکی کورتخایەن گرنگە. یان لەڕووی ئەوەی کە بینەری بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی لە چ ئاستێکی ڕۆشنبیرییدایە ئامانجەکان دەکرێت بگۆڕدرێن. پێشکەشکردنی بەرنامەی گفتوگۆ لە تەلەفیزیۆن بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکە کە بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: (حسنو و خليل، ٢٠١٢، ص٥١٦)

گەیاندنی ڕاستی و دروستی زانیاریەکانە بە وەرگر (جەماوەر) بە شێوەیەکی ئاسان، پێشکەشکردنی گۆشەی جیاوازی بابەتەکە بەرێگایەک کە جەماوەر لێی تێبگات و بۆی گرنگ بێت.

هەوڵدەدات بۆ خستنەرووی چارەسەر بۆ بابەتێک کە جیاوازی لەسەرە، لەگەل پێشکەشکردنی بیر و بۆچونی جیاواز لەسەر هەمان بابەت بە شێوەی گفتوگۆ، پاشان خستەروی چارەسەری ئەو کێشەیە.

بەرنامەی گفتوگۆ ئەو هەلە دەرەخسێنێت کە بیری زیاتر بکرێتەوە لە بابەتی گفتوگۆکە، چونکە بۆچونە جیاوازەکان دەخاتە روو، بەڵام زۆرجار بە هەندێک راستی دیاریکراو دەگات و بابەتەکە بەکراوەی بۆ جەماوەر بەجێدەهێڵێت.

٢. یەکە لەبەرنامەی گفتوگۆدا

یەکە بچوکترین بەشی پرۆگرامە کە بەشێک لە پەیام و ناوەرۆکەکەی لە خۆ گرتووەو هەر پرۆگرامێکیش دابەش دەبێت بەسەر چەندین یەکە یان بەشی بچووک، بۆ نموونە: لە بەرنامەی گفتوگۆدا گفتوگۆدا هەر پرسیار و وەڵامەکەی بە «یەکە»یەک ئەژمار دەکرێت و هەر یەکەیەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە بریتین لە: (پاسدار، ١٣٨٩، ل١٠٧-١١٥)

.ناوەڕۆک، کە لە هەر پرۆگرامێکدا هۆکاری پرسیارە لە میوانی پرۆگرامەکە.

.ستایل، کە لە پرۆگرام دەتوانێت بە شێوەی گفتوگۆ یان پرسیاری پێشکەشکار لە میوانی پرۆگرام بێت.

.جۆر، کە بۆ نموونە جۆری گفتوگۆ دەتوانێت چالێنج بێت.

.دۆخ، کە فەزای زاڵ لە گفتوگۆیە و دەتوانێ شاد یان جدی بێت.

.ریتم و کات، کە پەیوەندی بە کاتی گشتی پرۆگرامەکەوە هەیە.

.پێشکەش کردن، کە هەندێک جار بە وێنە یان دەنگ یان جووڵە کار دەکرێت.

٣. تایبەتمەندیەکانی پرۆگرامی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

بەرنامەی گفتوگۆی تەلەظزیۆنی چەند تایبەتمەندییەک لەخۆدەگرێت، لێرەدا هەوڵدەدەین دیارترینیان بخەینەڕوو، لەوانە:

- پرۆگرامی ڕاستەوخۆ ئەو دەرفەتە دەبەخشێ کە پەیوەندی دوولایەنە یان کارلێک لەگەڵ بینەر درووست بێت و بینەریش هەست بکات لەو پەیوەندییەدا ڕۆڵی پێ بەخشراوە.

-پرۆگرامی ڕاستەوخۆ ئەو دڵنیاییە بە بینەر دەبەخشێ کە بەڕێوەبەران یان دەسەڵاتێکی زۆردار دەستێوەردانی لە پرۆسەی سازبوونی پرۆگرامەکە یان لە ناوەرۆکەکەی نەکردووەو ڕاستگۆیی زیاترو ئازادیی ڕادەربڕینی زیاتر تێدایە، هەروەها ئەم پرۆگرامانە بینەریان زیاترەو سەرنجراکێش و زیندوون و پەیوەندی ڕاستەوخۆو کارلێکیان لەگەڵ بینەردا هەیە. (زيتوني و زيتوني، ٢٠١٧، ص٢٦)

- خاڵێکی دیکە سەبارەت بە پرۆگرامە گفتوگۆییەکان ئەوەیە کە سازکردنی ئەم جۆرە پرۆگرامانە هەرزان تەواو دەبێ. ئەم پرۆگرامانە پابەندن بە کات، لە کاتێکی دیاریکراو دەست پێ دەکات و تەواو دەبێ و تێچووی کەمترە لە چاو پرۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکانی دیکە.

.گونجاوبوونی شێوازی ئەم جۆرە پرۆگرامە بۆ هەندێک لە بابەتەکان کە پەیوەندی بە بیر و باوەڕ و بابەتی فێرکاری هەیە.

.ئەم جۆرە پرۆگرامانە لەگەڵ سیاسەتی هەندێک لە کەناڵەکان، بە تایبەت کەناڵە هەواڵییەکان گونجاوە.

.شوێنی وتوێژ لە سەر پرس و بابەتەکانی ڕۆژ و کێشە و گرفتەکانی خەڵکە.

.ئەم فۆرمە پرۆگرامە بۆ بڵاو بوونەوەی لە ماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژ و بەردەوام زۆر کێشەی نیە و بە هەندێک گۆڕانکاری دەکرێت بۆ هەمیشە بەسەرنجراکێشی بمێنێتەوە. (www.iribnews.ir)

٤. ئاستەنگەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی پرۆگرامی گفتوگۆی تەلەفیزیۆنی

٥. ڕێکارەکانی سەرخستنی پرۆگرامی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

٦. ڕەگەزەکانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

٧. پێشکەشکار لە پرۆگرامە گفتوگۆییەکاندا

یەکەم بنەما لە پرۆگرامێکی گفتوگۆیی تەلەفیزیۆنی ئەوەیە کە هەر شتێک کە لە پرۆگرامەکەدا روو دەدات لە سەر دەستی پێشکەشکار دارێژرابێت. پێشکەشکار دەبێ لە رووی کەسایەتییەوە ئاستێکی بەرز لە متمانەی بە خۆهەبێت کە بتوانێت بەسەر پرۆگرامەکەدا زاڵبێت. لە چاو دەرهێنەرەوە پێشکەشکار هێمایەکە کە بینەر کۆ دەکاتەوە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێک بابەت و خاڵی دیاریکراو دەکەین لەسەر پێشکەشکارو رۆڵی لەبەڕێوەبردنی پرۆگرامە گفتوگۆییەکان و ئەو تایبەتمەندییانەی دەبێ هەڵگریان بێت و هەروەها ئەو خاڵانەی کە پێشکەشکار دەبێ لەبەرچاویان بگرێت بۆئەوەی پرۆگرامێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات و ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی بپێکێت.

١. موئەهەلاتی پێشکەشکار ٢. کارامەیی و تواناکانی پێشکەشکار

٨. میوان لە پرۆگرامە گفتوگۆییەکاندا

٩. بینەری پرۆگرامە گفتوگۆییەکان

١٠. جۆرەکانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفیزیۆنی

## باسی سێیەم: بەرنامەی گفتوگۆ و بڕیاری سیاسی

"بڕیاردان لە سیاسەتدا سەرەکیترین بەش و گرنگترین چالاکی دەزگای جێبەجێکاری وڵاتانە و هەر بۆیەش بیرمەندانی زانستی سیاسەت بە سوود وەرگرتن لە بیردۆزەکانی زانستی ئابووری و بەڕێوەبردن، کرداری بڕیاردان لە سیاسەتدا تاوتوێ دەکەن. چەمکەکان و بەشەکانی بڕیاردان، ستراکچەری بڕیاردان، پرۆسەی بڕیاردان و هۆکارە کاریگەرەکان لە سەر بڕیاردان، بەشی گەورەی توێژینەوەکانیان لەم بوارەدابۆ تەرخان کراوە. کاتێک مۆدێلەکانی بڕیاردان لە سیاسەتداتاوتوی دەکرێت، دەردەکەوێت کە هاودەنگییەک لە سەر بەکارهێنانی مۆدێلەکانی بڕیاندان نیە". (پوریان، ١٣٩٦، ل٢١٠)

١. چەمکی بڕیاردان

پێناسەی زۆر بۆ بڕیاردان کراوە، بەڵام هەموویان پێداگرییان لەسەر ئەو خاڵە کردووە کەبڕیار دەلالەت لەهەڵبژاردنی تاکێک دەکات و تاکەکانیش ئەو هەڵبژاردنەیان لە نێوان ئەو بژاردانەی کە لەبەردەستن هەلدەبژێرن. لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین پێناسەکانی بڕیاردان دەکەین.

مهدی الوانی دەڵێت: «بڕیاردان بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگایەک لە نێوان ڕێگا جۆراوجۆرەکان». (الوانی، ١٣٩٦، ل١٩٣٠)

علی رضاییان لە کتێبی «بنەماکان بەڕێوەبردن» دەنووسێت: «بڕیاردان پرۆسەیەکە کە لە ئاکامیدا چارەسەری مەسەلەیەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت». جەیمز ستۆنز لە کتێبی «بەڕێوەبردن»دا دەنووسێت: «بڕیاردان پرۆسەیەکە کە تیایدا ڕێکارێکی تایبەت بۆ چارەسەری مەسەلە یان کێشەیەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت». ریچارد سنایدەر پێناسەی بڕیاردان دەکات بەوەی کە "بڕیاردان ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا لەنێوان گشت بەدیل وبژاردەکاندا یەکێک لە بژاردەکان تاقیدەکرێتەوە کە ئەویش لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دیاریدەکرێ بەئامانجی کاریگەری دانان لەداهاتوودا بەبڕوای کەسانی بڕیاردەر». (الذبیدي، ٢٠١٣، ل١٠١)

"هەروەها دکتور بسیونی ابراهیم عماده پێناسەی بڕیاردانی سیاسی دەکات بەوەی کە بریتیە لە هەڵوێست وەرگرتنێکی ویستمەندانەی دەسەڵاتگەرانە بەمەبەستی سڕینەوەو لەبەین بردنی کێشەیەکی دیاریکراو لەڕێگەی پێکەوەگرێدانێکی دینامیکیانە بە پرسێکی دیاریکراوەوە. بەدەربڕینێکیتر بڕیاری سیاسی بەمانا راستەقینەکەی بریتییە لە:

١. ئیرادەو کردەوەیەکی ویستمەندانەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەئاڕاستەی وەستانەوە بەرامبەر واقیع.

٢. بڕیار هەبوون و ئامادەیی کیشەیەکی دیاریکراوی بەگریمانە وەرگرتووە کە لە کات و شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا دەرکەوتووە.

٣. بڕیار هەڵوێستێکی ویستمەندانەیە بەواتای گواستنەوە لە چوارچێوەیەکی پەتییەوە کەدەتوانین وێنای بکەین وەک جیهانی ئامانج و غایەتەکان بۆ واقیع کەدەتوانین دەستنیشانی بکەین وەک کێشەو بەربەست و سەختییەک کە ڕووبەڕووی جوڵەی سیاسیی دەبێتەوە. (الذبیدي، ٢٠١٣، ل١٠١)

٢. ڕەگەزە سەرەکییەکانی بڕیاردان

بڕیاری سیاسی وەکو جۆرەکانی دیکەی بڕیاردانە. ڕەنگە گەورەترین جیاوازیی ئەوە بێت کە بڕیاری سیاسی کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر کەسانی زیاتر دابنیت. کەواتە بڕیارێکی هەستیارترە، بەڵام لەڕووی ڕەگەزو پرۆسەکانییەوە زۆر لەبڕیارەکانی دیکە دەچێت. ڕەگەزە سەرەکییەکان لە بڕیارداندا بریتیین لە:

١. ناسینی پرس و کێشە

٢. ناسینی چارەسەرە پەیوەندیدارەکان

٣. ناسین و هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر

تایبەتمەندی هاوبەشی ئەم سێ ڕەگەزەی بڕیاردان، ناسین و مەعریفەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ زانست و مەعریفە و ئاستی هۆشیاری بڕیاردەرو زاڵبوونی بەسەر پرس و بابەتەکان. بەهۆی گرنگی ئەم سێ ڕەگەزە لەهەڵبژاردنێکی لۆجیکی، سەرچاوەی بڕیاردەر دەبێ گرنگی بەم خاڵانەی خوارەوە بدات:

١. ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت و لەپێداویستییە ڕاستەقینەکانی ژێردەستەکانی ئاگادار بێت (ناسینی پرس و کێشە).

٢. بیرۆکەیەکی ڕوونی هەبێت لەکارو کاردانەوەکانی داهاتوو(ناسینی چارەسەرەکان).

٣. لەنێوان چارەسەرە جیاجیاکان، باشترین چارەسەری گونجاو لەگەڵ تواناکان و بارودۆخی سەردەم هەڵبژێرێت. (تسلیمی، ١٣٩٦، ل٧٨-٧٩)

٤. بڕیاری کۆتایی نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانەبێت، بەڵکو دەبێ پاش دیراسەیەکی وردی بەدیل و ئیمکانیاتە بەردەستەکان و پێشبینییەکی ورد بۆ ئەو کاریگەرییانەی لەداهاتودا دایدەنێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیش، هەروەها ئاستی قبوڵکردنی کۆمەڵگە بۆ بڕیارەکە. (صالح، ٢٠١٦، ص١١)

٣. بڕیاردانی ستراتیجی

هەندێک لەبڕیارە سیاسییەکان بڕیاری ستراتیجین، وەک بڕیاری گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی. چونکە ئەم مەسەلەیە بابەتی کۆتایی ئێمەیە، گرنگە لێرەدا هەندێک لەسەر بڕیاردانی ستراتیجی باس بکەین. لەسەر بڕیاردانی ستراتیجی دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

".لەبڕیاردانی ستراتیجیدا ئامانج و پلانی زیاتر، هەروەها لێکدانەوەی زیاتر هەیە.

لەبڕیاردانی ستراتیجیدا، ئەوانەی کەبڕیارەکە کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێت، ژمارەیان زۆرەو بەرپەرچدانەوەو خواستەکانیان جۆراوجۆرەو دیارە وڵامی هەندێک لەو خواستانە نادرێتەوە.

.بۆ گەیشتن بەکۆدەنگی لە بڕیاردانی ستراتیجی، پێویستە ژمارەیەکی بەربڵاو لە دیدگاکان تێکەڵ بکرێن.

.بارودۆخی دەرکردنی بڕیارە ستراتیجییەکان بەهۆی ئاڵۆزی زیاترەوە هەستیارترە، بۆیە پێشبینی و کۆنترۆڵی دەرئەنجامی کردارەکە سەختترە.

.سەرچاوەکانی زانیاری جۆراوجۆرن و کەمتر جێی متمانەن، بۆیە لەبڕیاردانی ستراتیجیدا پاراستنی زانیارییەکان زۆر گرنگن.

.کەمبوونی ئەگەری دووبارەبوونەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەرکردنی بڕیارە ستراتیجییەکان". (پوریان،١٣٩٨ ، ل٢١٥)

ڕەهەندەکان و بەشەکانی بڕیاردانی ستراتیجی

پاش باسکردن لەپێناسەو تایبەتمەندییەکانی بڕیاردان لەسیاسەتی ستراتیجی، ئاماژە بە ڕەهەندەکانی بڕیاردان گرنگە. ڕەهەندەکانیش بریتین لە:

١. ستراکچەری بڕیاردان

ستراکچەری بڕیاردان یا دیاریکردنی سیاسەت بەمانای دیاریکردنی پلەوپایەکانە کە لەبڕیاردان، سیاسەتدانان و پرۆسەی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ستراتیجی، ڕاو بۆچوونیان زاڵە. بڕیاردان لەڕووکەشدا لەدەستی ئەو تاک و ڕێکخراو و دامەزراوانەیە کە لەپرۆسەی بڕیاردان، پێگەو پایەی بەرزیان هەیە.

لە ستراکچەری بڕیاردان سەرنجدان بۆ دوو خاڵ گرنگە: یەکەم، تاوتوێی ستراکچەر و ڕێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکانی بڕیاردان. دووەم، سەرنجدان بۆ ڕۆڵ و گرنگی کەسانی بڕیاردەر لە سیاسەتە گشتییەکان؛هەندێک لەتوێژەرەکان لەتاوتوێی سیاسەتدا سەرنجی خۆیان خستۆتەسەر سەرچاوەی بڕیار و مەبەستیانە بەمجۆرە هۆکارە کاریگەرەکان لەبڕیاردانی ستراتیجی دیاری بکەن. ئەوان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا جیاوازی

سەرچاوەی بڕیار بەپێی جۆری سیستەم و ڕژێمی سیاسی، تاوتوێ دەکەن.

٢. پرۆسەی بڕیاردان

لەپرۆسەی بڕیاردان، باس لەقۆناغە سەرەتاییەکانی بڕیاردان تا قۆناغی جێبەجێکردن دەکرێت. لەچوارچێوەی پرۆسەی بڕیاردان، دەبێ تیشک بخرێتەسەر ڕۆڵ و گرنگی هەر یەک لەڕێکخراوە بەرپرسەکان، و هەروەها دەرفەتەکان و بەربەستەکان کەبڕیاردەر دەبێ لەکاتی بڕیاردان لەبەرچاوی بگرێت. بەوتەی حمید بهزادی، «وادیارە بەها کۆمەڵایەتییەکان، خووی خەڵک (تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان)، بایەخەکان، باوەڕەکان و پێویستییەکانی بڕیاردەرکان، نەتەوەپەرستی، ئایدیۆلۆژیا، ڕای گشتی، گەڕانەوە بۆ باکگراوند، پێداویستییەکانی وڵات و گرووپە دەسەڵاتدارەکان، کەسایەتی ڕێبەرە گەورەکانی وڵات، جۆری دەسەڵاتدارێتی، دۆخی دەسەڵات و تواناکانی وڵات، پێگەی وڵات لە بارودۆخی ئێستای وڵاتان، بەشێکن لەهۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بڕیاردانی ستراتیجی»".

"هەموو پرۆسەیەکی بڕیاردان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یان باشتر کردنی بارودۆخێک بەڕێوە دەچێت. پێش دەرکردنی بڕیار، بابەتی بڕیار کە هەمان کێشە یان بارودۆخەکەیە دەبێ بناسرێت. هەڵبەت هاوکات لەگەڵ پرۆسەی بڕیاردان، ئەگەر هەیە بابەتەکە بگۆڕێت. بۆیە بەپێی ئامانجی سەرەکی بڕیارەکە، دەکرێت پێشهاتە نوێیەکان پێشبینی بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ ببینرێتەوە". (تسلیمی، ١٣٩٦ ، ل٨٧-٨٨)

"ناسینی سەرچاوەکانی چارەسەری کێشەکان، بەشێکە لە پرۆسەی ناسینی بابەت و هەربۆیەش پێویستە بڕیاردەر تاوتوێی تواناکان و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەک بکات کە بڕیاری تێدا جێبەجێ دەکرێت. بە وتەیەکی تر هەر ئەوەندە کە ناسینی کێشە و بابەتەکان گرنگە، ناسینی سەرچاوەکان بۆ چارەسەری کێشەکان گرنگە". (پوریان، ١٣٩٨، ل٢١٦-٢١٧)

بڕیاری سیاسی لە کرۆکیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بڕیارەکانی دیکە نیە و هەمان پرۆسە دەبێ بگیردرێتە بەر. بەڵام لەم جۆرە بڕیارەدا هەندێک دەچینە قووڵایی بابەتەکەوە.

٤. پرۆسەی درووستکردنی بڕیاری سیاسی

هەندێک زانستی سیاسەت بە زانستی بڕیاردان دادەنێن. بڕیاردان بەمانای دەست چین کردن لەنێوان چەند ئیمکاندایە. لەهەر بڕیاردانێکدا، بڕیاردەرێک هەیە کەبەشێوەی ئاوەزمەندانە دەرئەنجامەکانی بڕیارەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردان لەئاستی دەوڵەتدا دەرئەنجامی گشتی بۆ گشت کۆمەڵگا بەدواوە دەبێ. هەر بڕیاردەرێک دەبێ سەرەتا ئەو کێشە کە دەبێ بڕیاری لەسەر بدا، لێی ئاگادار بێ، زانیارییەکانی خۆی سەبارەت بەو کێشەیە شەن و کەو بکا. مەبەستەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێ، ڕێگە جۆراوجۆرەکانی بڕیاردان دەست نیشان بکاو هەڵیان سەنگێنێ و بڕیار بدات. بڕیاردان لەژێر کاریگەری هۆکارو زەمینەی جۆراوجۆردایە، ناوەڕۆکی ئەو بابەتە کە دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ، فەزای دەرەکی(چ کۆمەڵگەی نێوخۆیی چ سیستەمی نێونەتەوەیی) و فەزای نێوخۆیی (واتا چوارچێوەی دەوڵەت)، کەسایەتی بڕیاردەرو هۆکاری دیکە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی سیاسی دەبێ. هەروەها بڕیاردان لە هەلومەرجی ئاسایی یان قەیرانی دا وەک یەک نییە. (بشیریە، و.میهرپەروەر، ٢٠٠٩، ل٤٥)

٥. کێشە و بەربەستەکانی بڕیاردانی سیاسی

لە درووستکردن و جێبەجێبوونی بڕیارێکی سیاسی بە تایبەت بڕیارە ستراتیجییەکان وەکوو «گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی»، گەلێک کێشە و ڕێگر هەیە، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. هەروەها وەکوو نموونە ئەم خاڵانە بۆ پرسی «گشتپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی» لە ساڵی ٢٠١٨ هەڵدەسەنگێنم.

یەکەم: بێ مەیلی بۆ پێشبینی داهاتووی دوور و مەیل بە دەرئەنجامی کورتخایەن

زۆربەی بڕیاردەران ڕوو دەکەنە ئەو بڕیارانەی کە وەڵامی پێداویستییەکانی ئێستا دەدەنەوە، و پێشبینی دەکرێت بە زووترین کات بگەنە ئەنجام. بڕیاردەرەکان هەوڵ دەدەن خۆیان لە دوودڵی و ناڕوونی و مەترسییەکانی بڕیارە درێژخایەنەکان بپارێزن". لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، تاکە هەنگاوێک کە بیری لێ کرابوویەوە هەنگاوی جێبەجێکردنی پرۆسەی دەنگدان بوو و لە ئەگەری سەرکەوتن و سەربەخۆیش هیچ باس لە جۆری حکومەتی داهاتوو و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ئابووری و زۆر بابەتی دیکە نەکرابوویەوە.

دووهەم: تەسکبینی و تاکڕەهەندی بوون لە بڕیاردان

هەرکات بڕیاردەران گرنگی بە یەک ڕەهەندی بابەتێک بدەن و ڕەهەندەکانی دیکە پشتگوێ بخەن، بڕیار لە دەرئەنجامێکی ناتەواو دەکەوێتەوە کە ئەگەری سەرکەوتنی کەمە. لە بڕیاردان گرنگینەدان بە ڕەهەندە جیاجیاکانی بابەتی مەبەست، وەکوو ڕەهەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی، ژینگەی سیاسی و یاسایی، ڕەهەندی تەکنیکی و ژینگەی جوگرافی، دەبێتە هۆکارێک کە ئەو بڕیارە لەو ڕووەوە کە گرنگی پێنەدراوە لاواز دەرچێت و لە جێبەجێبووندا ڕێگری بۆ دروست ببێت". (پوریان، ١٣٩٨، ل١٦٥-١٦٦))

بۆ نموونە لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم، بیر لە چارەسەری گەمارۆی ئابووری و ئەگەری خەیانەت لەکاتی هێرشکردنی حکومەتی ناوەندی عێراق نەکرابوویەوە.

سێهەم: کورتهێنانی زانیاری لە بڕیاردان

بەزۆری زانیارییەکان هەتا دەگەنە سەرچاوە بڕیاردەرەکان تووشی گۆڕان و لادان دەبن و متمانەی تەواویان پێ ناکرێت. ئەو زانیاریانەی کە دەبنە سەرچاوەی بڕیار لە کەناڵە فەرمییەکانەوە بەدەست هاتوون و ڕای خەڵک پشتگوێ دەخرێت. بەمجۆرە بڕیاردەرەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و گرنگ لە دەست ئەدەن، کە ئەویش بیستنی دەنگی خەڵکی ئاسایی و ئاگاداربوونە لەکێشەکان و پێداویستییەکانیان. سوود وەرنەگرتن لە ڕای خەڵک، کە پڕە لە ڕاستییەکانی دنیای ئەمڕۆ، زۆرجار وا دەکات بڕیاردەرەکان بۆ بڕیاردان لە سەر داهاتوو بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو. دیارە لە دنیای بەردەوام لە گۆڕانکاری ئەمڕۆشدا، تەنها پشتبەستن بە ڕابردوو بۆ بڕیاردان لە سەر داهاتوو هەڵەیە". لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم، ڕای «نە بۆ گشتپرسی» لەژێر ناوی خەیانەت سەرکوتکرا و ڕێگە لە دیالۆگی مەنتیقی ئەو بەشەی دەنگدەران گیرا.

چوارەم: مەیل بۆ سادەکردنەوەی شتەکان و گەڕان بۆ چارەسەری سادە و ئاسان

هەندێکجار بڕیاردەرەکان کێشەکان ئاسانتر لەوەی کە هەیە دەبینن و گرنگی بە لایەنی ڕووکەشی پرسەکان دەدەن و لەجیاتی کێشە سەرەکییەکان گرنگی بە لایەنە لاوەکییەکان دەدەن. ئەم جۆرە تێڕوانینە نامانگەیەنێتە چارەسەری کێشە سەرەکییەکە و پاش ماوەیەک کێشەکە لە شوێنێکی دیکەوە سەرهەڵدەدات. بڕیاربەدەستەکان کاتێک گەیشتن بە چارەسەری ڕاستەقینە قورس دەبینن، هەوڵ دەدەن لە ڕێگای پڕوپاگەندەوە، ڕەزامەندی خەڵک بۆ ئەو چارەسەرە بەدەست بێنن. بەزۆری خەڵکی ئاسایی لەدەرئەنجامی کێشەکان باشتر لە خودی کێشەکان تێدەگەن و چارەسەرەکانیش بۆ دەرئەنجامەکان ئاسانتر قبووڵ دەکەن". (پوریان، ١٣٩٨، ل١٦٦-١٦٧)

لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم، هەموو ڕێگاکان بۆ گەیشتن بە ئامانج لەبەرچاو نەگیران و وا بە خەڵکیان قبووڵاند کە تاکە ڕێگایە بۆ سەربەخۆیی، بەڵام لەڕاستیدا ئاسانترین ڕێگایان هەڵبژاردبوو.

پێنجەم: سەپاندنی ڕای تاک لە بڕیاردان و گرنگیدانی لەڕادەبەدەر بە ئەزموونی کەسی

هەندێکجار بڕیاردەرەکان پێش ئەوەی بیر لە بڕیاردان و پرۆسەکەی بکەنەوە، لە مێشکی خۆیاندا بڕیاریان داوە، و تەنها بۆ جەختکردنەوە لە سەر ڕاست و درووستی بڕیارەکەیان تیشک دەخەنە سەر ئەو زانیاریانەی کە ئەوە دەسەلمێنێ و بەڵگە و فاکتەکانی تر کە دژی ئەو بڕیارە بن پشتگوێ دەخرێن. نادیموکرات بوونی بڕیاردەرەکان وادەکات بڕیارەکان تاکڕەهەندیبن. ئەم کێشەیە بەزۆری لە کۆمەڵگایەکدا ڕوو دەدات کە بڕیاردەرەکان گرووپ و لایەنێکی دیاریکراون. لەم حاڵەتەدا ڕای خەڵکی ئاسایی لە بڕیارە سیاسییەکان ڕەنگ ناداتەوە و کەمتر بایەخی پێ دەدرێت". لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم، ڕای لایەنێکی دیار بەسەر ڕای هەموو لایەنەکانی دیکە و خەڵکی ئاسایی سەپێندرا.

شەشەم: نەگۆڕبوونی بڕیارەکان

نەگۆڕبوونی بڕیارەکان کێشەیەکە کەلە بارودۆخی بەردەوام لە گۆڕانکاری ئەمڕۆدا جێبەجێ کردنیان قورس دەکات. هەندێکجار بڕیاردەر هەموو ئەگەرەکان پێشبینی دەکات و چارەسەریان بۆ دەستنیشان دەکات، هەتا جێبەجێکارەکان ڕێک ئەو شتەی پێیان فەرمان کراوە جێبەجێ بکەن و هیچ سەربەستییەکیان بۆ لادان لە شێوازە دیاریکراوەکان نەبێت. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە لە شوێنگەی گۆڕاو و پێشبینی نەکراو قورسە و ئەگەری سەرنەکەوتن زۆرە". لە پرسی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم، بە ڕاستی بیر لە هەنگاوەکانی تر لە ئەگەری هەر پێشنیار یان چارەسەرێکی دیکە . بۆ نموونە پێشنیارەکانی ئەمریکا . نەکرایەوە و ڕێگە بە هیچ سازانێک نەدرا.

حەوتەم: هۆشیارنەبوونی خەڵکی ئاسایی و هەست بەوەی کە لە بڕیارەکاندا ڕۆڵیان نیە

ئەگەر خەڵکی ئاسایی هەست بە گرنگی ڕۆڵی خۆیان لە بڕیارە سیاسییەکان نەکەن، گرنگی بە بەشداری لە دەرکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی بڕیار و بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر کێشەکان و دەرئەنجامەکانی بڕیاردان ناکەن. ڕەنگە یەکەم هەنگاو ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە بایەخی ڕای خۆیان لە بڕیارە چارەنووس-سازەکان و پاشان گرنگیدان بە خواست و پێداویستییەکانیان لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکان بێت". لە پرسی گشتپرسی بۆ هەرێم بە شێوەیەکی ڕاستەقینە خەڵک هەستی نەکردکە خۆی خاوەن بڕیارە و ئەو هەستە لای خەڵک درووست نەکرا، بۆیە دواتریش هەستی بە بەرپرسیارێتی و خاوەندارێتی نەکرد و هەموو تاوانەکانیان خستە ئەستۆی لایەنێکی دیار و خۆیان بە خاوەنی پرسەکە نەزانی و بەرپەرچدانەوەیان بە جۆری پێویست نەبوو. (پوریان، ١٣٩٨، ل١٧٣-١٧٤)

## باسی چوارەم: لایەنی مەیدانی

تەوەری یەکەم/ تایبەتمەندی دیموگرافی

خشتەی (١)

خشتەی (١)

| ژ | ڕەگەز | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٩٣ | ٪٨٣ | یەکەم |
| ٢ | مێ | ٣٧ | ٪١٧ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ٢٣٠ | ٪١٠٠ | |

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە خشتەی (١) ڕوونبووەتەوە، لە ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی دەکاتە (٪٨٣) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها لە ڕەگەزی مێینە ڕێژەی (١٧ ٪) پێکهێناوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەوانەی بەشداریانکردووە لە هەردوو ڕەگەز بوون، بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت، ئەو دەستەبژێرانەی لەنێو حزبەسیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندان بەشی زۆری ڕەگەزی نێرن، نەوەك ڕەگەزی مێ، ئەمەش ئەوە دەگەینێت بۆشیاییەك هەیە لەوەی ڕەگەزی مێ ڕێژەیان کەمە، هەروەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە.

تەمەن خشتەی (٢)

| ژ | تەمەن | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٠-٣٥ ساڵ | ٤٣ | ٪١٨ | سێیەم |
| ٢ | ٣٦-٤٠ ساڵ | ٨٩ | ٪٣٨ | یەکەم |
| ٣ | ٤١-٤٥ ساڵ | ٧٨ | ٪٣٣ | دووەم |
| ٤ | ٤٦ساڵ و زیاتر | ٢٠ | ٪٩ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ٢٣٠ | ٪١٠٠ | |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، کە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٣٦- ٤٠) ساڵدایيە ڕێژەی (٣٨٪) پێکدێت، کە بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤١-٤٥) ساڵیدایە ڕێژەی (٣٣٪)یان پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە (٣٠- ٣٥) ساڵیدایە بە ڕێژەی (١٨٪)ن، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤٦ ساڵ و زیاتر) ساڵییە ڕێژەی (٩٪)یان پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی کۆتایی دێت. ئەگەر سەرنجبدەین لە تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە، ڕووندەبێتەوە کەوا ئەوانەی لەنێو حزبەسیاسییەکانن، ڕێژەی زیاتریان ئەوانەن کەتەمەنیان گونجاوبووە.

ئاستی خوێندن خشتەی (٣)

| ژ | ئاستی خوێندن | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بنەڕەتی | ٧ | ٣,٠٤٣٪ | پێنجەم |
| ٢ | ئامادەیی | ٢٣ | ١٠٪ | چوارەم |
| ٣ | دبلۆم | ٥٦ | ٢٤,٣٤٪ | دووەم |
| ٤ | بەکالۆریۆس | ٨٧ | ٣٧,٨٢٪ | یەکەم |
| ٥ | دبلۆمی باڵا | ٢ | ٠,٩٪ | شەشەم |
| ٦ | ماستەر | ٢٣ | ١٠٪ | چوارەم |
| ٧ | دکتۆرا | ٣٢ | ١٣٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ٢٣٠ | ١٠٠٪ | |

بە سەرنجدان لە خشتەی سەرەوەدا، ئەو دەرئەنجامە دەردەخات، کەوا ئەو فۆرمانەی دابەشکراون زیاترینیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون بەرێژەی (٣٧,٨٢٪) لەپلەی یەکەمدا و دبلۆم بەپلەی دووەم و بەرێژەی (٢٤,٣٤٪) و هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر بەپلەی سێیەم بەرێژەی (١٣٪) کۆتا بڕوانامەش بڕوانامەی (بنەڕەتی) بەرێژەی (٣,٠٤٣٪) ئەمەش ئەوە دەگەینێت، ئەوانەی کەوەك نمونەی توێژینەوەکەوەرگیراون زیاتر ئەوانەبوون کەهەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون، ئەمەش لەبەر بوونی زیاتر و شارەزاییان لەپلەباڵاکانی ئەو حزبانەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە.

داهاتی مانگانە خشتەی (٤)

| ژ | داهاتی مانگانە | دوباربوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەمتر لە١ ملیۆن دینار | ١٨ | ٪٧,٨٢ | سێیەم |
| ٢ | لە١ بۆ کەمتر لەملیۆن دینار | ٦٧ | ٪٢٩,١٣ | دووەم |
| ٣ | لە ٢ ملیۆن دینار زیاتر | ١٤٥ | ٪٦٣,٠٤ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٢٣٠ | ٪١٠٠ | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٤) لەوەڵامی پرسیاری (داهاتی مانگانەت چەند) بۆمان ڕووندەبێتەوەکەوا سامپڵی توێژینەوەکەزۆرترینیان مانگانەیان لە(لە ٢ ملیۆن دینار زیاتر) و بەرێژەی (٪٦٣,٠٤)،بە پلەی یەکەم و ئەوانەی لە(لە١ بۆ کەمتر لەملیۆن دینار) بەپلەی دووەم و بەرێژەی (٪٢٩,١٣)، ئەوانەش لە(کەمتر لە١ ملیۆن دینار) لەکۆتا پلەی توێژینەوەکەوەهاتوون بەرێژەی (٪٧,٨٢)، ئەمەئەوەمان بۆ روون دەکاتەوەکەزۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکەداهاتیان باشەو لەسەروو (٢) ملیۆن دیارەوەیەئەمەش لەگەڵ خشتەی (٣) ڕاستەوانە دەگونجێت چونکەزۆربەی زۆریان هەڵگرانی بەکالۆریۆس بوون.

تەوەری دووەم/ بەرکەوتنی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

ئایا سەیری بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی دەکەیت؟

خشتەی (٥)

| ژ | سەیرکردنی بەرنامەکان | دوباربوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٨٩ | ٪٨٢,١٧ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٤١ | ١٧,٨٣ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ٢٣٠ | ٪١٠٠ | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٥) زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەڵێ سەیری بەرنامەگفتوگۆییەکانی ناوکەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن، بەرێژەی (٪٨٢,١٧)لەپلەی یەکەمدان لەبەرامبەر بەرێژەی (١٧,٨٣) بەنەخێر لایان پێویست نیەو بەپلەی دووەم دێن.

أ- ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە بۆچی؟

خشتەی (٦)

| ز | هۆکاری تەماشانەکردنی بەرنامەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئارەزوی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ناکەم. | ٤ | ٪٩,٧٥ | سێیەم |
| ٢ | تەوەرەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت. | ٣ | ٪٧,٣١ | چوارەم |
| ٣ | لایەنگیری تەواو لەهەڵبژاردنی بابەت وتەوەر ومیواندا بەدیدەکرێت. | ١١ | ٪٢٦,٨٢ | دووەم |
| ٤ | بەرنامەکان ناتوانن ئامانج بپێکن لەخستنەڕوی زانیاریەکاندا. | ١٩ | ٪٤٦,٣٤ | یەکەم |
| ٥ | تا ئێستا بەرنامەیەکی پرۆفیشناڵ بەدیناکەم لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا. | ٤ | ٪٩,٧٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ٤١ | ٪١٠٠ | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٦) ئەو بەرتوێژانەی کەبە(نەخێر) وەڵامیاندایەوەکە سەیری بەرنامەگفتوگۆییەکانی ناوکەناڵە ئاسمانییەکان ناکەن، بەرێژەیەکی کەم بوون و هەریەکەیان بەهۆی هۆکارێك وەلامیان داوەتەوە. (بەرنامەکان ناتوانن ئامانج بپێکن لەخستنەڕوی زانیاریەکاندا) لەپلەی یەکەمدایەو بەرێژەی (٪٤٦,٣٤) لەپلەی یەکەمدایەو (تەوەرەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت) بەپلەی کۆتایی دێت و بەرێژەی (٪٧,٣١).

ب- ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بوو بۆچی؟

خشتەی (٧)

| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبوونەوە | هۆکاری تەماشانەکردنی بەرنامەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|
| سێیەم | ٪٩,٧٥ | ٤ | ئارەزوی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ناکەم. | ١ |
| چوارەم | ٪٧,٣١ | ٣ | تەوەرەکان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت. | ٢ |
| دووەم | ٪٢٦,٨٢ | ١١ | لایەنگیری تەواو لەهەڵبژاردنی بابەت وتەوەر ومیواندا بەدیدەکرێت. | ٣ |
| یەکەم | ٪٤٦,٣٤ | ١٩ | بەرنامەکان ناتوانن ئامانج بپێکن لەخستنەڕوی زانیاریەکاندا. | ٤ |
| سێیەم | ٪٩,٧٥ | ٤ | تا ئێستا بەرنامەیەکی پرۆفیشناڵ بەدیناکەم لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا. | ٥ |
| | ٪١٠٠ | ٤١ | کۆی گشتی | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٧) ئەو بەرتوێژانەی کەبە(بەڵێ) وەڵامیاندایەوەکە سەیری بەرنامەگفتوگۆییەکانی ناوکەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن، بەرێژەیەکی زۆر بوون و هەریەکەیان بەهۆی هۆکارێك وەلامیان داوەتەوە. (زانیاری ڕاست ودروست لەسەر بابەتەجۆراوجۆرەکان دەخەنەڕوو) لەپلەی یەکەمدایەو بەرێژەی (٪٥٧,٦٧) لەپلەی یەکەمدایەو (پێشکەشکاری بەرنامەکان هاوسەنگی لەبەدیهێنانی ئامانجی بەرنامەکاندا پەیرەو دەکەن) بەپلەی کۆتایی دێت و بەرێژەی (٪٦,٨٧) ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کەئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکەزۆربەیان بەرنامەگفتوگۆییەکانی ناوکەناڵەکان سەیر دەکەن و وەك هۆکارێکی باشی دەزانن بۆ پڕ زانیاریکردنیان.

ج- ڕۆژانە چەند کاتژمێر تەرخان دەکەیت بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی؟

خشتەی (٨)

| ریزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبوونەوە | سەیرکردنی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دووەم | ٪٢٩,٦٢ | ٥٦ | کەمتر لەخولەك بۆ ١ کاتژمێر | ١ |
| یەکەم | ٪٥٥,٠٢ | ١٠٤ | لە١,٥ کاتژمێر بۆ ٢ کاتژمێر | ٢ |
| سێیەم | ٪١٥,٣٤ | ٢٩ | لە ٢,٥ کاتژمێر ونیو زیاتر | ٣ |
| | ٪١٠٠ | ١٨٩ | کۆی گشتی | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٨) لەوەڵامی پرسیاری (ئایا رۆژانەچەند کاتژمێر سەیری بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی دەکەیت؟) بۆمان رووندەبێتەوەکەوا ئەوانەی (لە١,٥ کاتژمێر بۆ ٢ کاتژمێر) سەیری بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی دەکەن، بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٦,٩٩٪)دێن ، ئەوانەی لە(کەمتر لەخولەك بۆ ١ کاتژمێر) بەپلەی دووەم و بەرێژەی (٢٩,٦٢٪) ، ئەوانەش لە(لە ٢,٥ کاتژمێر ونیو زیاتر) لەکۆتا پلەی توێژینەوەکەوەهاتوون بەرێژەی (١٥,٣٤٪) کەواتەزۆربەی سامپلی توێژینەوەکەئەوانەن کە(زیاتر لە کاژێرێك و نیو) کاتی خۆیان بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی گفتوگۆ تەرخان کردووە.

د-زیاتر سەیری بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەچ کەناڵێك دەکەیت؟ دەتوانی لەیەك هەڵبژاردەزیاتر هەڵبژێری

خشتەی (٩)

| ژ | هۆکاری تەماشاکردنی بەرنامەکان | دوبارببوونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرنامەی گفتوگۆی پانۆراما لەکەناڵی کوردسات نیوز. | ٣٥ | ٪٩,٩٤ | چوارەم |
| ٢ | بەرنامەی گفتوگۆی لەگەڵ ڕەنج لەکەناڵی رووداو. | ٩١ | ٪٢٥,٨٥ | دووەم |
| ٣ | بەرنامەی گفتوگۆی دیالۆگ لەکەناڵی.(KNN) | ٤٦ | ٪١٣,٠٦ | سێیەم |
| ٤ | بەرنامەی گفتوگۆی دەروون ودیاردە لەکەناڵی (K24). | ٣٣ | ٪٩,٣٧ | پێنجەم |
| ٥ | بەرنامەی گفتوگۆی تاوتوێ لەکەناڵی.(NRT) | ١٢٣ | ٪٣٤,٩٤ | یەکەم |
| ٦ | بەرنامەی تاوتوێ لەکەناڵی پەیام | ١٥ | ٪٤,٢٦ | شەشەم |
| ٧ | بەرنامەی دیکە............................ | ٩ | ٪٢,٥٥ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | ٣٥٢ | ٪١٠٠ | |

لەخشتەی سەرەوەدا (٩) لەوەڵامی پرسیاری (زیاتر سەیری بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لەچ کەناڵێك دەکەیت) بۆمان روونەدەبێتەوە کەوا زۆرترین لەبەرتوێژان سەیری بەرنامەگفتوگۆیەکانی کەناڵەکانی ئەهلی دەکەن، (بەرنامەی گفتوگۆی تاوتوێ لەکەناڵی (NRT).)، بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٣٤,٩٤٪) دێن، وە کۆتا پلەی توێژینەوەکەوە هەندێ بەرنامەی ترن لەو بەرنامانەجیاوازترن و بەرێژەی (٢,٥٥٪) کەواتەزۆربەی سامپلی توێژینەوەکەئەوانەن کەوا کاتی خۆیان بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی گفتوگۆ لەکەناڵەناحزبیەکانن تەرخان کردووە.

تەوەری سێهەم/ بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی وسازاندنی بڕیاری سیاسی

أ - پەیام

خشتەی (١٠)

| ژ | برگە | لەگەڵیدام بەتەواوی | | لەگەڵیدام | | بێلایەن | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| ١ | بەرنامەکان زانیاری لەسەر پرسەسیاسیەکان دەخاتەڕوو. | ٨٧ | %46.03 | ٤٦ | ٪٢٤,٣٣ | ١١ | ٪٥,٨٢ | ٩ | ٪٤,٧٦ | ٣٦ | ٪١٩,٠٤ | ١٨٩ | ٪١٠٠ |
| ٢ | بەرنامەکان گرنگی بەپرسی گەرما وگەرمی سیاسی دەدات. | ٩٥ | ٪٥٠,٢٦ | ٦٤ | ٪٣٣,٨٦ | ١٥ | ٪٧,٩٣ | ١٢ | ٪٦,٣٤ | ٣ | ٪١,٥٨ | | |
| ٣ | بەرنامەکان کار بۆ زیادکردنی هوشیاری سیاسی دەکات. | ١٠٥ | ٪٥٥,٥٥ | ٣٧ | ٪١٩,٥٧ | ١٧ | ٪٨,٩٩ | ١٦ | ٪٨,٤٦ | ١٤ | ٪٧,٤ | | |
| ٤ | بەرنامەکان لەکاتی هەڵبژاردندا ئەرکی بازارگەری سیاسی دەبینێت. | ١١٣ | ٪٥٩,٧٨ | ٤٣ | ٪٢٢,٧٥ | - | - | ٢٢ | ٪١١,٦٤ | ١١ | ٪٥,٨٢ | | |
| ٥ | بەرنامەکان توانیویەتی گەشەپێدانی سیاسی بەشێوەیەکی گونجاو دەستەبەر بکات . | ٩٩ | ٪٥٢,٣٨ | ٣٩ | ٪٢٠,٦٣ | ٢ | ٪١,٠٥ | ٢٣ | ٪١٢,١٦ | ٢٦ | ٪١٣,٧٥ | | |
| ٦ | تەوەرەکانی بەرنامەکان تەواو پەیوەستەبەناونیشانی پرسی سیاسی دیاریکراوی بەرنامە . | ٤١ | ٪٢١,٦٩ | ٤٤ | ٪٢٣,٢٨ | ١ | ٪٠,٥٢ | ٧٦ | ٪٤٠,٢١ | ٢٧ | ٪١٤,٢٨ | | |
| ٧ | کات وپابەندبون پێوەی کێشەی سەرەکیەلەپێشکەشکردنی بەرنامەکاندا. | ٤٤ | ٪٢٣,٢٨ | ٦٢ | ٪٣٢,٨ | ٦ | ٪٣,١٧ | ٦٥ | ٪٣٤,٣٩ | ١٢ | ٪٦,٣٤ | | |
| ٨ | بەشێك لەبەرنامەکان لەناونیشان وتەوەرەدیاریکراوەکان لادەدەن. | ١١٧ | ٪٦١,٩ | ٥٣ | ٪٢٨,٠٤ | ٣ | ٪١,٥٨ | ١١ | ٪٥,٨٢ | ٨ | ٪٤,٢٣ | | |
| ٩ | زۆر کات بەرنامەکان ناتوانن ئامانجی بەرنامەکەبپێکن. | ٩٨ | ٪٥١,٨٥ | ٣٩ | ٪٢٠,٦٣ | ٢ | ٪١,٠٥ | ٢١ | ٪١١,١١ | ٢٩ | ٪١٥,٣٤ | | |
| ١٠ | بەگشتی کۆتایی بەرنامەکان دەرچەیەکی ڕونیان نیەبۆ پرسی دیاریکراو | ١٠٢ | ٪٥٣,٩٦ | ٥٧ | ٪٣٠,١٥ | ٤ | ٪٢,١١ | ٧ | ٪٣,٧ | ١٩ | ٪١٠,٠٥ | | |

لەو خشتەیەدا سەرەوەدا کە بەرکەوتەلەگەڵ (بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی وسازاندنی بڕیاری سیاسی) روونکراوەتەوە کە هەرپرسیارێك بەرێژ٥یەکی جیاواز دەرکەوتووەو بەرتوێژان بەبیروبۆچوونی خۆیان وەڵامیان داوەتەوە.

ب- وەرگر

خشتەی (١١)

| ژ | بڕگە | لەگەڵیدام بەتەواوی | | لەگەڵیدام | | بێلایەن | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| ١ | ئالوگۆڕی زانیاری لەدوتویی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی هاوکارمە بۆ بریاردانی سیاسی شیاو. | ٥٥ | ٪٢٩,١ | ٤١ | ٪٢١,٦٩ | ١٥ | ٪٧,٩٣ | ٦٠ | ٪٣١,٧٤ | ١٨ | ٩,٥٢ | | |
| ٢ | بەشداری بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ڕێکاری بریاری سیاسیمی گونجاوکردوە. | ٣٧ | ٪١٩,٥٧ | ٥٦ | ٪٢٩,٦٢ | ٩ | ٪٤,٧٦ | ٧٥ | ٪٣٩,٦٨ | ١٢ | ٪٦,٣٤ | ١٨٩ | ٪١٠٠ |
| ٣ | هەوڵ دەدەم رەچاوی هەڵبژاردنی باشترین بژاردەی بریاربکەم لەرێی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی. | ٨٠ | ٪٤٢,٣٢ | ٦٤ | ٪٣٣,٨٦ | - | - | ٢٦ | ٪١٣,٧٥ | ١٩ | ٪١٠,٠٥ | | |
| ٤ | هەمیشە ئامانجێکی دیاریکراو وروونم هەیەلەوەرگرتنی بریاری سیاسیدا بەهۆی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە. | ٦٥ | ٪٣٤,٣٩ | ٦٣ | ٪٣٣,٣٣ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٣٤ | ٪١٧,٩٨ | ٢٤ | ٪١٢,٦٨ | | |
| ٥ | هەندێکجار بریاری سیاسیم داوەلەجیاتی خەڵکانی دی لەرێی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە. | ٩٤ | ٪٤٦,٧٣ | ٥٦ | ٪٢٩,٦٢ | - | - | ٢١ | ٪١١,١١ | ١٨ | ٪٩,٥٢ | | |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | زۆرکات لەوەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا چارەسەری گونجاوی جۆرا وجۆرم لەگەڵ پرسەکەدا وەرنەگرتوە بەهۆی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە | ٦٣ | ٪٣٣,٣٣ | ٤٥ | ٪٢٣,٨ | ٧ | ٪٣,٧ | ٣٤ | ٪١٧,٩٨ | ٤٠ | ٪٢١,١٦ | |
| ٧ | قەبارەی بڕیاری سیاسیم لەچاو بڕیار بەدەستەکان زۆر کەم وسنوردارەو کار ناکاتەسەر بڕیاری | ١١٣ | ٪٥٩,٧٨ | ٤٩ | ٪٢٥,٩٢ | - | - | ١٧ | ٪٨,٩٩ | ١٠ | ٪٥,٢٩ | |
| ٧ | قەبارەی بڕیاری سیاسیم لەچاو بڕیار بەدەستەکان زۆر کەم وسنوردارەو کار ناکاتەسەر بڕیاری کەسانی خاوەن بڕیار لەهەرێم لەڕێی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە | ١١٣ | ٪٥٩,٧٨ | ٤٩ | ٪٢٥,٩٢ | - | - | ١٧ | ٪٨,٩٩ | ١٠ | ٪٥,٢٩ | |
| ٨ | لەوەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا هەوڵم نەداوەسود لەبیر وبۆچونی جیاواز وەربگرم لەڕێی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە. | ٩٧ | ٪٥١,٣٢ | ٣٢ | ٪١٦,٩٣ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٢٥ | ٪١٣,٢٢ | ٣٢ | ٪١٦,٩٣ | |
| ٩ | نەمتوانیوە سەرچاوەی زانیاری پەیوەست بەوەرگرتنی بڕیاری سیاسی بپارێزم بەهۆی تەماشاکردنی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنیەوە | ٨٧ | ٪٤٦,٠٣ | ٥٤ | ٪٢٨,٥٧ | ٢ | ٪١,٠٥ | ٣٣ | ٪١٧,٤٦ | ١٣ | ٪٦,٨٧ | |
| ١٠ | متمانەم بەبەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی نیە بۆ وەرکرتنی بڕیاری سیاسی. | ٧٦ | ٪٤٠,٢١ | ٥٤ | ٪٢٨,٥٧ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٤٥ | ٪٢٣,٨ | ١١ | ٪٥,٨٢ | |

لەو خشتەیەدا سەرەوەدا کەبەرکەوتەلەگەڵ (وەرگر)دا روونکراوەتەوەکە هەر پرسیارێك بەرێژەیەکی جیاواز دەرکەوتووەو بەرتوێژان بەبیروبۆچوونی خۆیان وەڵامیان داوەتەوە.

ج- ئاستی پیشەیی پێشکەشکار

خشتەی (١٢)

| ژ | بڕگە | لەگەڵیدام بەتەواوی | | لەگەڵیدام | | بێلایەن | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بەتەواوی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| ١ | هەڵوەستەگیرکردن لەخشتەرووی بۆجۆرەجیاوازەکان. | ٥٠ | ٪٢٦,٤٥ | ٤٥ | ٪٢٣,٨ | - | - | ٦٤ | ٪٣٣,٨٦ | ٣٠ | ٪١٥,٨٧ | ١٨٩ | ٪١٠٠ |
| ٢ | بابەتی بون لەهارشتن وخشتەرووی پرسیارەکاندا. | ٦٨ | ٪٣٥,٩٧ | ٦٥ | ٪٣٤,٣٩ | ٢ | ٪١,٠٥ | ٤٣ | ٪٢٢,٧٥ | ١١ | ٪٥,٨٢ | | |
| ٣ | بێلایەنی لەهەڵبژاردنی پرس وبەشداری پێکردنی میوانانداَ | ٣٢ | ٪١٦,٩٣ | ٤٣ | ٪٢٢,٧٥ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٧٦ | ٪٤٠,٢١ | ٣٥ | ٪١٨,٥١ | | |
| ٤ | راستگۆیی لەخشتەرووی زانیاری و بەدواداچونەکاندا. | ٣٧ | ٪١٩,٥٧ | ٥١ | ٪٢٦,٩٨ | - | - | ٦٥ | ٪٣٤,٣٩ | ٣٦ | ٪١٩,٠٤ | | |
| ٥ | دادوەری لەبەڕێوەبردنی بەرنامەبۆ پێشکەشکار ومیوانان. | ٣١ | ٪١٦,٤ | ٤١ | ٪٢١,٦٩ | ٤ | ٪٢,١١ | ٥٩ | ٪٣١,٢١ | ٥٤ | ٪٢٨,٥٧ | | |
| ٦ | وردی لەکۆکۆدنەوەی زانیاری دەربارەی پرس وخستنەڕوی لەدوو توێی بەرنامەدا | ٢٩ | ٪١٥,٣٤ | ٤٥ | ٪٢٣,٨ | ١ | ٪٠,٥٢ | ٦٧ | ٪٣٥,٤٤ | ٤٧ | ٪٢٤,٨٦ | | |
| ٧ | دورکەوتنەوە لە ناشرین کردنی کەسێتی کەسایەتیەکی سیاسی دیاریکراو. | ٣٢ | ٪١٦,٩٣ | ٣٩ | ٪٢٠,٦٣ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٧٨ | ٪٤١,٢٦ | ٣٧ | ٪١٩,٥٧ | | |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ڕێگەنەدان بۆ دروستکردنی کولتوری توندوتیژی سیاسی. | ٣٨ | ٪٢٠,١ | ٤٣ | ٪٢٢,٧٥ | ٢ | ٪١,٠٥ | ٨٠ | ٪٤٢,٣٢ | ٢٦ | ٪١٣,٧٥ | | |
| ٩ | ڕاستکردنەوەی زانیاری هەڵەی بڵاوکراوە سەبارەت بەپرسی سیاسی. | ٣٦ | ٪١٩,٠٤ | ٣٧ | ٪١٩,٥٧ | - | - | ٩٢ | ٪٤٨,٦٧ | ٢٤ | ٪١٢,٦٩ | | |
| ١٠ | پشت بەستن بەسەرچاوەی زانیاری ڕاست ودروست لەئامادەکردنی بەرنامەکاندا. | ٣٠ | ٪١٥,٨٧ | ٤١ | ٪٢١,٦٩ | ٣ | ٪١,٥٨ | ٩٩ | ٪٥٢,٣٨ | ١٦ | ٪٨,٤٦ | | |

لەو خشتەیەدا سەرەوەدا کەبەرکەوتەلەگەڵ (ئاستی پیشەیی پێشکەشکار)دا روونکراوەتەوەکە هەر پرسیارێك بەرێژەیەکی جیاواز دەرکەوتووەو بەرتوێژان بەبیروبۆچوونی خۆیان وەڵامیان داوەتەوە.

## دەرئەنجام :

لێرەدا گرنگترین دەرئەنجام بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:-

١. قەبارەوئاستی تەماشاکردنی دەستەبژێر بەرێژەیەکی زۆرباش بووەبۆ بەرنامەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی.

٢. ئاستی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەپێداویستی تەماشاکەران رێژەیەکی زۆرباسی هەبووەسەبارەت بەپرسی سیاسی و تێگەیشتن لەسیاسەتی ناوخۆیی.

٣. بەرێژەیەکی زۆرباش تەماشاکەرانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ئەو بەرنامانەیان هەڵبژاردووە کە بونەتەهۆی زیادکردنی تێگەیشتنی سیاسی و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوە.

٤. دەرکەوتووە کە رادەی هاندانی بەرنامەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی لای دەستەبژێر بۆ وەرگرتنی بریاری سیاسی بەشێوەیەکی زۆرباش بوو لەسامپڵی توێژینەوەکەدا.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:-**

١-عەبدوڵلا، ئەمیر نامیق، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، باشووری کوردستان، ٢٠٠٥.

٢-بشيريه، د. حسين، زانستی سیاسی، وەرگێڕانی باباعەلی مێهرپەروەر، چاپخانە ڕۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠٠٩.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:-**

١-كبارة، أسامة ظافر، برامج التلفزيون والتنشئة التربوية والاجتماعية للأطفال، دار النهضة العربية، بەيروت، لبنان، ٢٠٠٣.

٢-مكاوي و السيد، د. حسن عماد و ليلي حسين ، الإتصال ونظرياته المعاصرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١.

٣-راغب، د. نبيل، اساسيات العمل الصحفي، دارنوربا للطباعة، القاهرة، ١٩٩٩.

٤-ساميه، رزيق، البرامج الاجتماعية في الفضائيات الجزائرية، ٢٠١٦.

٥-صالح، زهرة، صناعة القرار السياسي، معهد البحرين للتنمية السياسية، سلسلة كتيبات البرلمانية، ٢٠١٦.

٦-اميره واخرون قاسمى، المهارات الاتصالية لمقدمي البرامج التلفزيونية و تاثيرها على فاعلية الرسالة الاعلامية، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال وعلم المكتبات، جامعة ٨ى ماى ١٩٤٥، ٢٠١٥-٢٠١٦.

٧-غباشي، محمد جمعه، (كيف تعد برنامج تلفزيوني)، دار الفاروق للاستثمارات الثقافيه الجيزه، مصر، ٢٠٠٨.

٨-الذبيدى، منذر صالح جاسم، دور وسائل الاعلام في صنع القرار السياسى، دار الحامد للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٣.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

١.مفاخر، زهرا، مفاهيم و اصطلاحات برنامه‌سازی سيما، معاونت تحقيقات و برنامه‌ريزی دفتر تشكيلات و سيستم ها، ١٣٨٤.

٢.الوانی، سيد مهدی، تصميم¬گيری و تعيين خط¬مشی دولتی، انتشارات سمت، ايران - تهران، ١٣٩٦.

٣.سليمانيان، محمد حسين، "تعيين سه ركن اصلی مجری، موضوع و ميهمان در برنامه‌های گفتگو محور سياسی شبكه اول سيما در رضايت بيشتر مخاطب"، پايان¬نامه‌ی كارشناسی ارشد، دانشكده صدا و سيمای جمهوری اسلامی ايران، ١٣٩٤.

٤.پوريان، محمد تقی، "نقد نظريه انتخاب عقلانی در تصميم¬گيری سياست¬های راهبردی"، فصلنامه‌ی پژوهش¬های راهبردی سياست، سال ششم، شماره‌ی ٢٣، ١٣٩٦

٥.پاسدار، محمد رضا، تهيه‌كنندگی برای تلويزيون با نگاه سيستمی، انتشارات دانشكده صدا و سيما، تهران - ايران، ١٣٨٩.

٦.تسليمی، محمد سعيد، تحليل فرايندی خط¬مشی¬گذاری و تصيميم¬گيری، انتشارات سمت، ايران - تهران، ١٣٩٦.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1-David Morley, Family Television: Cultural Power and Domestic Leisure, Routledge, London - UK, 2005.

2-Martin Leister & Others, New Media: A Critical Introduction, Routledge, London - UK, 2009

3-Roger Silverstone,Television and Everyday Life, Routledge, London - UK, 2003.

**پێنجەم: گۆڤار و رۆژنامەکان:**

١-زايد، حيدر فالح، (دور البرامج الحوارية في القنوات الفضائية العراقية وأثرها في التنمية الوعي السياسي للمواطن)، مجلة الدراسات الإعلامية- ژمارە چوار –ئاب ٢٠١٨، ناوەندی دیموکراسی عەرەبی –بەرلین- ئەڵمانیا.

٢- حسنو وخليل، م. راضي رشيد م. م. إيثار طارق، (البرامج الحوارية و دورها في تشكيل اتجاهات الرأي العام من وجهة نظر طلبة الاعلام)، مجلة كلية التربية الاساسية، ژمارە (٧٣) ساڵی ٢٠١٢.

**شەشەم: نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

١- زيتونى و زيتونى، ابراهيم، صابر، دوافع تعرض الطلبة المسيلة للبرامج الحوارية فى قناه الشروقtv، مذكره مكملة لنيل شهاده الماستر فى علوم الاعلام والاتصال، جامعة محمد بوضياف المسيله، كليه العلوم الانسانيه والاجتماعية، قسم علوم الاعلام والاتصال .

٢- دنقلا، اريج الجيلي ادريس، تصميم الديكور التلفزيوني وأثره في جذب المشاهد بقناة الشروق، رسالة مقدمة لنيل درجة الماجستير، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية دراسات العليا، ٢٠١٨.

٣- يوسف، ريهام سامى حسين، (دور البرامج الحوارية في القنوات حكومية وخاصة)، رسالة ماجستر- غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، ٢٠٠٨.

٤- خيره، عبدالنبي صورية، عتو، دور قناة الشروق العامة في معالجة القضايا الاجتماعية في الجزائر، مذكرة تخرج لنيل شهاده م د في علوم الاعلام و الاتصال، جامعة عبدالحميد ابن باديس، ٢٠١٧-٢٠١٨.

چاوپێکەوتن:

١- گروه رسانه، "خلاقيت در برنامه‌های گفتگومحور"، ١٣٩٦، http://www. iribnews. ir/007lyx رێکەوتی چاوپێکەوتن: ٢٠١٩. ٣.